### تێکستی شانۆیی

# کەنارگەی کۆچەران

**نوسینی : کاوه عوسمان**



# (بەشی یەکەم )

**(دیمەنەکە کەنار دەریایەکە کە وەک دوا وێستگەی کۆچی کۆچەرانە . شوێنی سەرەکی بەرزترە لە چواردەوری کەوەک دەروازەیەکی کراوەیە و بەسەر زەریاکەی بەردەمیا ئەڕوانێ. چەند درەختێکی پەل و پۆ شکاو لەگەڵ چەند پارچە جل و بەرگێکی شڕ و کۆن کە هەندێکی بەسەر چل و لقی دارە وشکەکانا هەڵواسراون. لەسەر زەمینیش چەند پارچە جلو بەرگ وشت و مەکی فڕێدراویش کە لەلایەن کۆچەرانەوە جێماون ، هەروەها پارچە بەلەمێکی شکاو و پارچە چوپێکی دڕاویش بەسەرداریێکی شکاوەوە ئەبینرێت).**

**(دوو کارەکتەر لە بەشی دواوە ی شانۆ دێنە ژورەوە هەروەک ئەوەی لە ڕێگای دوورەوە هاتبن و هەردوکیان یەک جۆر جل و بەرگیان لەبەردایە، ڕوخسارو جەستەیان ماندویەتی پێوە دیارە، هەروەها هەریەکەیان جانتایەکی هەڵگرتوە)**

کارەکتەری یەکەم (کۆلۆنێل) : بەڕێز یاوەر ، ئیتر پێویستە بڕوا بەوە بهێنیت کە چیتر شوێنێک نەماوە بە ناوی نیشتمان.

کارەکتەری دوەم ( یاوەری کۆلۆنیڵ) : کۆلۆنێلی ئازیز من هەر زۆر دەمێکە خۆم تەکاندوە لە تۆز و خۆڵی ئەوەی پێی ئەوترێت نیشتمان ، هەموان بە دەستە دڕندەکانیان چوارمێخەیان کێشا، کەچی جیهانێکی گەورەو پان و بەرین تەنها تەماشای کرد، هیچ کەس خاوەندارێتی نەکرد، جێی پێکەنینیشە هەرخۆشیان هاونیشتمانیە ئازیزەکان جارێکی تر لە خاچیاندا!.

کۆلۆنێل : من چیتر ئارەزووی باسکردنی بابەتی مرۆڤەگومڕاکانم نیە ، لەوێ هەموان گومڕان، هەڵهاتنە چارە ، مەگەر مەلەکان کە ڕاو ئەکرێن، کە هێکلانەکانیان ئەڕوخێنرێ؟! ، دوور نادەنە شەقەی باڵ بەرەو زەریاو هەورە بڵندەکان؟!

یاوەری کۆلۆنێل : بەڵام کۆلۆنێلی خانەنشین! مەلەکانیش هەر ماندوو ئەبن ، ئەوان دوای کۆچێکی دوور لە دورخەیەک کەنارگیرئەبن، کۆچەرەکانیش هەر وەک مەلە تەرەکان پێویستیان بە دوڕخەیەکی ئارامە تا ڕۆحیان تیایدا ئۆقرە بگرێ.

کۆلۆنێل: تۆ بڵێی یاوەر ئەو کۆچەرانەی دوای شەوێکی پڕ تۆفان و گێژەنە ، کاتێک جەستەی تێکشکاو و بێگیانیان سەر شەپۆلەکان ئەکەوێ، دواجار ڕۆحیان لە کەنارە چۆڵ و ساردەکانا ئۆقرە بگرن ؟

یاوەر: کۆلۆنێلی ئازیز، شتێکی تەواو گاڵتەجاریە کەهەر ئەو شەپۆلانەی کە ڕۆژانێک بە هێمنی خوڕەی دێ و قەشەنگن لە ژێر ئاسمانێکی ئەفسوونیدا و ئەبنە دیمەنێکی سیحراوی بۆ گەشتیارە خۆشبەختەکانی نیو یەختە ئالتونیەکان ، لە پڕێکاو لە چاوتروکانێکا ، ئەبنە دڕندەی ترسناک و ، هێندەی جەنگەکان، جەستەی بەدبەختە هەژارەکانی نێو بەلەمە تێکشکاوەکان تەفرو تونا ئەکەن. ئا ی چی گاڵتەجاریەکە!!!

کۆلۆنێل: کۆچەریبوون و نامۆبۆنیش لە نیشتمان گاڵتەجاریەکی ترە یاوەر

یاوەر: جگە لە بەشداریکردن لە جەنگەکان، هیچ خولیای ترت هەبوە جەنابی کۆلۆنێل؟

کەسی دوەم: جەنگ و خولیا، جەنگ پاشان خولیا ، با باشتر بیر بکمەوە !یاوەر ئەمەی تۆ پرسیاری دەربارەوە دەکەیت باشترە باسی لێوە نەکرێت ، هەرچەندە جەنگ بەرپاکردن و بەشداریکردن و تەنانەت هەڵهاتن لێی خۆی بەشێکە لە خولیا !، ئەزانیت یاوەر ئەو ڕۆژانەی وەک کۆلۆنێلێکی دیارو خاوەن دەسەڵات لە نێو کۆمەڵە ئەفسەرێکی خاوەن هێز و شکۆ، دوورە پەرێز لە خەم و خۆشی مرۆڤە بچوکەکان تەواو ئاسوودە بووم، چونکە هێزێکی شاراوە پەلکێشی بەشداریکردنی جەنگە مەزنە پڕشکۆکانی ئەکردم، ئەوەی تۆ و خەڵکانی ئاسایی ناوی ئەهێنن بە ماڵوێرانی و خوێنڕشتن و مەرگەسات لە دیدی من و هاوڕێکانم دروستکردنی شکۆو هێزو دەسەڵاتی ڕەها بوو هەر وەک ڕەونەقی شکۆی پەیکەری مەزنی خواوەندە مەزنەکانی یۆنان . یاوەر پێناسەی شتەکان هەمیشە ئەگۆڕی گەر ڕۆڵت لە دروستکردنیاندا هەبێت یاخود نا، ئەوانەی لە دورەوە تەنها دەنگی تەقینی تۆپی تانک و هاژەی فڕینی فڕۆکەی جەنگی و تیربارانکردنی قوربانیەکانن ئەبیستن هەستەکانیان تێکەڵەیەکە لە ترس و تۆقان و تەنانەت ڕق، بەڵام لای کەسانی خاوەن هێز و بڕیاردەری جەنگەکان شتەکە هیچی کەمتر نیە لە هەستی خۆشی لە گوێگرتنی سەمفۆنیایەکی چێژبەخش هەروەک گوێگرتن لە سۆز و ئاوازی بولبولەکان لەباخچەیەکی دڵڕفێنی نێو بەهار.

یاوەر: کەواتە کۆلۆنێل نەک هەر خولیای بۆ جەنگ هەبوو بەڵکو لە دڵەوە بیری بەشداری کارای جەنگەکان ئەکەیت؟!

کۆلۆنێل: ببینە یاوەر، ئەو کاتانەی لە مەیدانی جەنگەکان بووم، بیرم بێ تەنها دوو بەرە هەبوو، لایەنێک بەرامبەر لایەنێکی تر، بەرەی ڕاست بەرامبەر چەوت، باش بەرامبەر شەرانگێز، زۆرجار پیکدادانی خوێناوی و قوربانی زۆریش لە هەردولا، بەڵام لەهەمان کاتدا هەستێکی هاوڕێیانە ، با باشتر بڵێن یەکانگیریەکی جوامێرانە، کە تەنها لە پاڵەوانە ئەسپسوارەکانی سەردەمی ڕۆمانیەکان یان سەدەی ناوەڕاستا هەبوو کاتێ هەردوو لای دژە یەک لە دوای پێکدادانی خوێناوی، یەک چارەنوسی خوێناوی، بەڵام شکۆیەکی جوامێرانە ، کۆیدەکردینەوە. هەموان بەرگی سەربازی و هەموان بەدەر لەوەی بۆکام لایەن ئەجەنگین ، هەستێکی تایبەت، هۆگریەکی پڕهیوامان هەبوو بۆ شوێنێک، واتە نیشتمان، ئا نیشتمان، ئەو هەستە بەرپرسیارێتی بوو پڕ لە شکۆ ، پارێزگاری لە بەها مەزنە بیرۆزەکان..بەڵام....بەڵام..

یاوەر: بەڵام چی کۆلۆنێل؟

کۆلۆنێل: ئیتر کە سروشت و شێوازی جەنگەکان گۆڕان، کە جەنگە شکۆمەندارەکان نەمان، کە بەرەکان و لایەنەکان و وبەهاکان و ئامانجەکان تێکەڵکران ، کە چیتر دوژمن نانا‌سرێتەوە ،چونکە شێوە و سیماو ڕوخساری جەنگاوەرەکان شێوێنران، چەکەکان و شێوازی جەنگەکانیش گۆڕان .سەردەمی هاوچەرخ لەگەڵ خۆیدا هەموو شتێکی لەڕەگەوە هەڵتەکاند، ئیتر کەس نەیزانی کێ دوژمنەو کێ لایەنگیر، کام دروشم ڕاستەو کام ئامانجیش درۆ، کام بەرە ساختەیەو کام وتاریش ڕاستگۆ، زۆرجار جەنگەکان بەرپائەکرێن بە بێ بوونی سوپایەکی ئاشکراو دیار، ئامێرە مۆدێرنەکانی کوشتن شاراوەکران، لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکا مرۆڤەکان لە ناو ئەبرێن بە بێ ئامێری دیاری کوشتن، بێ بکەری دیار، بێ بەرگی سەربازی، بێ سوپای مەزنی پڕ چەک و تەقەمەنی. یاوەر، جەنگەکان ئێستا لە هەموو شوێنێک بەرپائەکرێن، دوشمنەکانیش زۆرن و یەک بەرە نین و لە تاریکیدا پلانی ڕۆحکێشانی هەموان ئامادەئەکرێ و شاراوەن.

یاوەر: ( **جانتا گەورەکەی شانی دائەنێ** ) : واتە بەخێربێی سەردەمی هەڵهاتن لە جەنگەکان

کۆلۆنێل: چونکە یاوەر، بەهاو باوەڕەکان تێکەڵ و شێوێندران ، دیدو نیگاکان بۆ ئامانجەکان لێڵکران

یاوەر: جەنابی کۆلۆنێل من ئێستاش دودڵم و نائارامیم هەیە ، لەوانەشە هەڵهاتن بەرەو ئەودیو ئۆقیانوسەکان چونێک بێ بەرەو ڕووی جەنگێکی تری مەترسیدارتر

کۆلۆنێل: بەڵکو ئەو جەنگە ڕۆحکوژترو تراژیدیاترە یاوەر، چونکە دوای دۆڕانی سوپاکان، دوای دۆڕانی نیشتمان، ئیتر ڕۆحە شەکەتە کۆچکردوەکانیش لە دورخە دورەکان ، بێ هیواو ئاوات، لە نامۆییدا، چاوەڕێێ هیچی ترنین جگە لە فەنابوون

یاوەر: تێشووی ئازاری گەڕانەوەش دوای لەدەستدانی نیشتمان، هێندەی ئازاری هەڵهاتنیش بەسۆیە، کەواتە چارە چیە، کۆلۆنێل؟!

کۆلۆنێل :ئێستا یاوەر باشترین شت دەرهێنانی ئەو سێوەیە کە لە ڕێگای هاتنمان بۆ ئەم کەنارگەیە لە دارەکەت کردەوە و لە پریاسکەکەت شاردوتەتەوە، هەر ئێستا دەریبهێنە تاوەکو هەریەکەمان لەتێکی بخوات!

یاوەر: کۆلۆنێلی خانەنشین ، بەڕاستی تۆ بلیمەتی، چۆن ئەو شتە سادەو ساکارەت لە بیرماوە! ئەبوا تۆ ئێستا لە ئاستی خاوەن شکۆکان، لە جێگای ئارام و دڵڕفێن بویتایە نەوەک لەم دورخە دورەپەرێز وێرانەخاکەدا،بێبەهاو ئاوارە بکەویت ، ئای چارەنوس!، بلیمەتەکان دەکەیتە دێوانەو مرۆڤە بچوکە بێبەهاکانیش ئەکەیتە خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، ( **جانتا بچوکەکەی سەر شانی دائەگرێ و سێوێکی کۆن و خراپبوو دەرئەهێنێ و بەهەردوو دەستی وەک ئەوەی شتێکی زۆر بەنرخی دەستگیربوبێ و زۆر بە ووردی لێی ئەڕوانێ و ووتەکانی ئاراستەی سێوەکە ی نێوان هەردوو دەستەکانی دەکات** ) :

ئەوەتا ئەمەش سێو کە خواوەندەکان بە هۆیەوە مرۆڤەکانیان لەبەهەشت دەرکرد و ئاوارەی زەمینیان کرد، سەیرە تائێستا زەمین نە بوەتە شوێنێکی ئارام بۆ زۆربەی مرۆڤەبەدبەخت و دەربەدەرەکانی جیهان.

کۆلۆنێل: (**سێوەکە لە دەستی یاوەر وەر ئەگرێ و قەپاڵێک لە سێوەکە ئەدات و نیگای ئاراستەی لای چەپەو لەو کاتەدا لە ژێر دارە شکاوەکە ژنێکی ڕەشپۆشی لاواز و ماندوو دەرئەکەوێ و وەک دیارە کۆرپەیەکی لە ناو تۆپەڵە قوماشێکا هەڵگرتوە و توند بەسنگیەوە نوساندوە.**)

کۆلۆنێل :بەڵام وا حەوا خۆی و کۆرپەیەک لەگەڵ خواردنی سێوە ڕزیوەکەی نێو دەستمان گەیشت!

ژنە ڕەشپۆشەکە : بەڕێزان ئێرە دوا ویستگەی سەر سنورە؟!

کۆلۆنێل: لەم وێرانەخاکە خانم تۆ چیت پێئەکرێ ؟

ژنە ڕەشپۆشەکە :بەڕێزان ئێرە دوا وەستگەیە؟

یاوەر: منیش هەروەک کۆلۆنێل ئە پرسم ، تۆ چیت پێئەکرێ؟

ژنە ڕەشپۆشەکە : منیش هەمان پرسیاردوبارە دەکەمەوە، ئێرە دوا وێستگەی سنوورە؟

کۆلۆنێل : ئێرە ئەمدیوی زەریایە، ئەودیویش هەر زەریایە ..

ژنە ڕەشپۆشەکە : واتە سنووورە

کۆلۆنێل: بەڵام زەریا هەموو شوێنێکی تەنیوە

ژنە ڕەشپۆشەکە :مەگەر ئێرە دوا ویستگە نیە؟

یاوەر: مەگەر تۆش نیازت هەڵهاتنە بۆ ئەودیو زەریاکان، وانیە خانم؟

ژنە ڕەشپۆشەکە : ئەی بۆ نا ؟

کۆلۆنێل: بەڵام ..

ژنە ڕەشپۆشەکە : بەڵام چی شتێک ؟

یاوەر: مەبەستی کۆلۆنێل ئەوەیە کە تۆ لەوانەیە..

ژنە ڕەشپۆشەکە: لەوانەیە چی؟

یاوەر: خانم مەبەستی کۆلۆنێل ئەوەیە گەرتۆ دوا چارەت خۆبەخشینە بە شەپۆلە هارو هەڵچوەکانی زەریایەکی مەترسیداری پڕ تۆفانا، لە شەوانی سەختی ژێرگڕکانە هەوری گڕگرتووی ئاسمانا، بە بەلەمێکی سادەو و شەکەت و وێڵا ، ئێترئاگاداربە ، لەوێ شتەکان لەچاوتروکانا ، نەک هەر جەستە ، بەڵکو ڕۆحە لاواز و شەکەتەکان، پەرت پەرت ئەبن، وون ئەبن، بۆ هەتا هەتا ئەکەونە چاڵاییە قووڵە ڕەشەکانی فەنابوونا... هەربۆیەکیشە...گەڕانەوە بۆ تۆ هێندەی گەیشتن بە پەرادیسی پەیماندراو هەزاران جارباشتروبە مانا ترە

ژنەڕەشپۆشەکە:قسەکانت جێی بەزەیی و پیکەنینە ، پاشان من ئافرەتێکی ئاسایی نیم

یاوەر: چۆن چۆنی و لەچیدا ئاسایی نیت؟

ژنەڕەشپۆشەکە : ئەزانی بۆ؟ ، چونکە لە دۆزەخ خۆیەوە هەڵهاتووم ، من زۆر دەمێکە بە هەموو نەهامەتیە تاڵەکان ڕاهاتووم ، چونکە هەڵگری برینەکانی هەموو چەوساوە هەڵهاتوەکانی زەمینم، کەسێک نەک جارێ، هەزاران جار، ئەزموونی مەرگی کردبێ، کواباکی بە مەرگێکی ترە!

کۆلۆنێل: تۆ بزانە یاوەر ، ئەو خانمە مەبەستێتی خۆی و کۆرپەکەی لەم ویستگەیە تۆزێک ئارام بگرێ و پاشان ئەویش وەک نەورەسەکان بداتە شەقەی باڵ، دووربفڕێ،...بۆ وڵاتانی پشت سنوور...

یاوەر: ( **نزیک دەبێتەوە لە ژنەڕەشپۆشەکە** ) بەخێر بێی بۆ ویستگەی تەنیایی و پەرتبوون! بە خێر بێی بۆ مۆڵگەی نامۆکانی هەموو زەمین.

ژنە ڕەشپۆشەکە : ( **منداڵەکە بە سنگیەوە و دێتە ناوەڕاستی شانۆ**) : هیچ جیاوازیەک نیە لێرەو ئەوێ، ئێ هەرواشە دۆزەخ! هەڵهاتن و ئەشکەنجەو مەرگ!، لەوێیەک لە نیشتمانی هەراجکراو، یان لەم دورخەی نێوان سەدان سنوور، بێهاوتایە لێشاوی مرۆڤە بەدبەختەکانی زەمین ، هەندێکیان پەکەوتەو پیر ، ژن و منداڵ ، لە گەشتێکی وەیشووم، گێژەنە ی زەریا ، تریشقە گڕکانی ئەو هەورانەی خوێن و ئاگریان لێئەبارێ.

کۆلۆنێل : خانم هەر زۆر گاڵتەجاریشە کە هەر دوای تەوابوونی تۆفان و گەردەلوولی زەریاکانی شەوە ترسناکەکان، و لەگەڵ دەرکەوتنی سپێدەدا، جەستەکان وەک ماسی بێگیان سەرئاو ئەکەون ، پاسەوانەکانی کەنار دەریا بەیانیان یەک لەدوای یەک لاشەکان کۆدەکەنەوە ، هەندێکیشیان ئەبنە خۆراکی بونەوەرەکانی ژێر دەریا و هەندێکی تریشیان لە گۆڕستانی بێناونیشانەکان وونئەکرێ.

ژنە ڕەشپۆشەکە : مەگەر بەدبەختەکانی دنیا کوا باکیان بە ناوو ناونیشانە! کەسێک نیشتمانی نەمێنێ بە مردوویی یان بە زیندوویی بنێژرێ چی جیاوازیەکی هەیە!

یاوەر: ئێ هەرواشە ،هەڵهاتویەکیش بەرەو زەریا چی پێویستی بە ناو و ناونیشان هەیە!

ژنەڕەشپۆشەکە : ئای چەند حەز دەکەم لە گۆڕێکی بێناونیشانا بخەوم! ماندووم! بەڵام دایکایەتیش هەستێکی سەیرە! ( **کەوای ووت ئەو تۆپەڵە قوماشەی لە ئامێزگرت**)

کۆلۆنێل: هەستێکی تۆقێنەریشە خانم کۆچی مەترسیداربە کۆرپەیەکەوە کاتێ ئەو بەستەزمانە نازانێ چی دڕندەیەکە جیهانی خاوەن هێز و دەسەڵاتدارەکان ، مەبەستم گەرتێبگەن چی مەترسیەک چاوەڕێتانە ..

ژنەڕەشپۆشەکە : بەڕێزان، بەڕێزان، دواهەمین گەشت ، گەشتی چارەنووس،، بۆچی هەمیشە مەترسیدارە؟

یاوەر: خانم ئەوەی تۆ باسی دەکەین دەرچوونە لە هێڵی سوور، گەر تۆ نیازتە جیاوازی نەهێڵیت لە نێوان گەشتی مرۆڤی ئاسوودەی وڵاتانی ئەو دیو ئۆقیانوسەکان و گەشتی هەڵاتنی بەدبەختەکانی وڵاتانی تابووت و خۆڵەمێش!

ژنەڕەشپۆشەکە: ئێ هەرواشە ، ئەوانەی گەشتی دڵڕفێن دەکەن بەدڵنیایی جیاوازن لە کۆچەرە ئاوارەکان، چونکە وەک نەورەسی بریندار باڵەکانیان خوێنی لێناتکێ، کۆچەرەکان زۆربەی شتەکانیان ، تەنانەت ڕۆحیان ئەخەنە یەک پریاسکەو لە بەلەمێکی وێڵا بە ڕێی نەهاتا سەری خۆیان هەڵئەگرن

**( کۆلۆنێل لە ئەوانی تر دوورئەکەوێتەوە و چەند کراسێک و شتومەکی تری نێو جانتاکەی دەرئەهێنێ و بە لقی دارێکا هەڵیانئەواسێت ، و بە پێکەنینێکی پڕ لە تەنزو بە تەوسەوە قسەکانی ئاراستەی ژنە ڕەشپۆشەکە ئەکات ) :**

کۆلۆنێل: زۆر جار بەلەمی هەژارەکان کون دەبن!( **قاقا لێ ئەدا**)..دوایی ئەو بەستزمانانە وەک ماسی خنکاوو ئاوساو بەسەر زەریاکەوە شەپۆل ئەیانهێنێ و ئەیانبا، ئەیانهێنێ و ئەیانبا! ، بەیانیانیش ئەو بابەتە ئەبێتە بابەتێکی سادە و سروشتی ڕوداوە ئاساییەکانی ڕۆژانەی مانشێتی ڕۆژنامەکان ، هەر لەو کاتەدا لە وڵاتی شارستانی، خانمێک بەیانی بەئاگا دێ و بە خوێندنەوەی ماشێتی ڕۆژنامەکان قاوەی گەرم ئەخواتەوە و لەوانەیە هەواڵی سەرئاوکەوتنی جەستەی بەدبەختەکانی جیهانی ئەمدیوی زەمین هیچ سەرنجی ڕانەکێشی، ڕەنگە هەر لاشی گرنگ نەبێت، ئەوەندەی دواهەمین دەرکەوتنی گۆرانیبێژی ڕۆکستارو خانمە قەشەنگی دواهەمین فلیمی هۆلیۆد! هاوسەرە دڵپاک و بێتاوانەکەشی لە یەکێک لە کۆمپانیای ڕۆکێت و تانکە مۆدێرنەکانا سەرقاڵی کاری بە هادار و مرۆڤایەتی خۆیەتی! ئێ ئیتر هەر ئەوەشە کە جیهانی نوێ پێویستیەتی لە دابینکردنی ئاسایش و بەرقەرار کردنی سەقامگیری! بەڕاست من ئیرەییم بە پاسەوانەکان دێ ، چونکە زۆربەی ڕۆژەکان کاتی خۆش بەسەرئەبەن لە کۆکردنەوەی ئەو لاشە بێکەڵکانەی کە بە شانازیەوە جیهانی نوێ بەرهەمی دەهێنێ وەک بەڵگەی دروستیی لۆژیکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی جیهانگیر ! ، خانمی ئازیز، جیهانێک باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی کاڵاو مرۆڤ و بەهاو پارە یە! چیباکی بە سەرئاوکەوتنی چەند لاشەیەکی بێگیانە لە زەریا دورەکان! ئەبێ هەموان خۆشحاڵبین بە بینینی ئەو ڕاستیەی کە تا جەنگەکان و مەرگەسات زۆربێ، تەکنەلۆجیاو شارستانیەتیش پیش ئەکەوێ !، زۆرترین جەستەش سەر زەریاکان ئەکەوێ!! ( **قاقا لێئەدا**) گوێ مەدەرێ خانم گەر شتی بچووک لێرەو لەوێ ڕوودات ، مرۆڤایەتی هەردەم بەرەو پێش و هەر پێشتر ئەکەوێ!

ژنەڕەشپۆشەکە: من پێویستیم بە کەمێک پشوە، کۆرپەکەش ماندوە، ( **توند باوەش بە پارچە قوماشەکەی باوەشی دەکات** ): لەوێ لە شەواندا، کە زەریا توڕە ئەبوو، کۆرپەکان لە شەپۆلەکانا چاویان لێک ئەنا، بەیانیانیش ئەبوونە پۆلە پەپولەی ڕەنگاو ڕەنگ و بە ئاسمانا لە شەقەی باڵیان ئەدا، هەموو شوێنێک ئەدرەوشایەوە لە شەکانەوەی باڵی بریقەداری پەپولەکان. ( **کە وای ووت بە هێواشی بەرەو دواوەی شانۆ هەنگاوی نا**)

یاوەر:  ئێستا من چیتر نامەوێ  بیرلە هیچ شتێک بکەمەوە ، خەویشم لێناکەوێ بێئەوەی تۆزێک شمشاڵ لێنەدەم ، چونکە بەو ئاوازە خەمگینە ، یادەوریەکانی نیشتمانم دێنێتەوە یاد( **لە پریاسکەکە شمشاڵێک دەرئەهینێ و دەست ئەکات بە شمشاڵ لێدان)**

کۆلۆنێل: ئەها! نیشتمان،  ئێستا ئەویش بەلەمێکی کونە و بەئاگاکان لێی هەڵدێن و خەوتوەکانیش چاوەڕێی نقوم بوونن!

یاوەر: من خۆم بە تاوانبار نازانم کە نیشتمانم کردە ئەم جانتایە!

کۆلۆنێل : مەگەرتۆ بێئاگای لەوەی هەموو شوێنەکان بۆ کۆچەر نیشتمانە یان نا؟ پێمبڵێ دەی ؟

یاوەر: من دەمەوێ شمشاڵ لێدەم ، تابخەوم ، وا خەریکە تاریک ئەکات ، لە کەنار دەریا شەو زووتر دادێ و  بەیانی ئەبێت زوو بەئاگابێم، ئەبێت بچەمە سەرکار!!! منی فەرمانبەری میری !!! (**کاتژمێرێکی بچووک دەرئەهێنێ و دەست ئەکات بە ڕێکخستنی کات لەسەر کاتێکی دیاریکراو** )

کۆلۆنێل: خەمت نەبێ یاوەر، لەگەڵ شەبەنگا بەئاگات دێنم ، من تا درەنگان تەماشای درەوشانەوەی ئەستێرەکان دەکەم، دڵنیام کە ئەو کەسەئازیزەی جێم هێشتوە لەم ساتەوەختەدا ئەویش بە نیگاپرشنگدارەکانی تەماشای ئەو ئەستێرە درەوشاوانە ئەکات، چونکە پەیمانمان دا هەموو درەنگانی شەوێ هەردوکمان لەیەک کاتدا تەماشای درەوشانەوەی ئەستێرەکان بکەین وەک بڵێێ تەماشای نیگای یەکتری بکەین، توخوا هەستێکی دڵرفێن نیە؟!

یاوەر: جەنابی کۆلۆنێلی خانەنشین ، مەگەر بە هەموو دانابیتەوە ، بروات وایە کە ئەو خانمەی لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاوا جێتهێشتوە ئێستا تۆی لەیاد ماوە؟! نیگاڵێڵی تۆ پێویستی بە شۆردنێکی ساردی ناو شەپۆلەکانە  تا باشتر بە ئاگابێیتەوە!

کۆلۆنێل: تۆ یاوەر پێویست ناکات خەمی عیشقی منت بێ،هەرچۆن لە مەرگی خۆم لە نێو شەپۆلەکان دڵنیام، ئاواش تا درەوشانەوەی ئەستێرەکان مابێ، دڵنیام هەستی عیشقی ئەویش هەر ماوە!

یاوەر : من ئێستا وەک ماڵەوە ، هەمان ژووری کار، هەمان کتێبخانە ، و هەمان پرۆگرامی هەستان بۆ کار لە بەیانی زوودا!  **(لەگەڵ ووتنی قسەکان کۆمەڵە کاغەز و نەخشەیەک ئەخاتە سەر بەردێک و کراس و چاکەت و پانتۆلێک و بۆیمباخێک بە شێوازێکی هێمن و لەسەرخۆ لای سەری دائەنێ! و پاڵئەکەوێ و دیمەنەکە تاریک ئەبێ)**

# (بەشی دوەم)

**( هاتنە ناوەوەی دوو کارەکتەر بۆ نێو شانۆ ، یەکێکیان پلەیتی وێنەکێشانی هەڵگرتوە و ستایلی جلو بەرگ و کڵاوێکی فراوانی لەسەردایە، کاراکتەرەکەی تر ڕوپێوێک و کەلو پەلی ئەندازیاری هەڵگرتوە)**

وێنەکێش: من هەردەم دوو دڵ نەبووم لە پەیوەندی بەهێزی نێوان زانست و هونەر

ئەندازیار : هەڵبەت وێنەکێشانیش بلیمەتی خۆی تێدایە، ئەوەش ڕاستیەکی ڕەهای بێ خەوشە کە هەر ئامێرێک و دەزگایەک، یاخود کارگەیەک، پێویستی بە نیگارکێشێکە تاوەکو بە شێوازێکی ئێستاتیکی و هونەری فۆرمی ناوەوە و درەوەی بنەخشێنێ

وێنەکێش : جەنابی ئەندازیار ، واتێبگەم ئێمە گەیشتوینەتە شوێنی مەبەست، دوور بڕوانە ، ئای! چەند دڵڕفێنە شەپۆلی زەریاکان لە کەنارێکی نوقم لە تەمتومانا، پرژەی زەردەپەڕیش وەک پرچی خانمێکی قەشەنگ ، کە لە ئێوارەیەکی پایزی ئاڵتونیدا بدرەوشێتەوە **( لەگەڵ ووتنی ئەم وشانە پلەیتی وێنەکێشانی دائەنێ و بە ووردی تەماشای دوور بەرەو زەریا کە ئەکات).**

ئەندازیار : هاوڕای ووتەکانی بەڕێزتانم شوێنێکی ناوازەیە، نەک هەر دڵڕفێنە بەڵکو هیوابەخشە بۆ سەرکێشی کردنێک بەرەو بەهەشتی خەون.

وێنەکێش :سەرنج بدە ئەندازیاری بەڕێز لە هەر شوێنێک جوانی باڵبکێشی ، بەهرەی داهێنانیش وەک بڵێسەی ئاگر لە کوانووی ڕۆح و بیرا ئەگە شێتەوە،زۆر جار بیر دەکەمەوە تۆ بڵێی وڵاتانی دوور، زۆر دوور، چی فیردەوسێکیان حەشاردابێ و دیدەی ئێمە لە گۆشەدورەکانی دنیا پەی پێ نەبردبێ.هەربۆیەکیشە گەشتێکی مەترسیدار بەرەو زەریا ی پڕ تۆفان و گەردەلوول، بەمەبەستی ئاوێزانبوون بە فیردەوسی شاراوەی وڵاتانی شارستانیە مەزنەکان شایستەی سەرکێشیە، گەرچی بەداخەوە دوور نیە پێش گەیشتن بە فیردەوسی وون ، جەستەکان تێکنەشکێن،

ئەندازیار : هەر زۆر شتێکی سەمەرەشە کە بڵێسەی ئاگری حەز و ئارەزوەکانی مرۆڤەکان بۆ سەرکێشی زۆر گەورەترە لە لاوازی جەستەیان.

وێنەکێش : بەڵام بەداخەوە من هەندێک جار تەمی دودڵی و ڕاڕایی وەک تەمتومانێکی غەمگین ڕۆحم ئەتەنێ لەوەی کە جوانی و شکۆی شارستانیە مەزنەکانی ئەودیو ئۆقیانوسەکان تەنها لە ئاوێتەبوونی هونەر و زانست گەیشتبێتە ترۆپک، ئەوە ڕاستیە مێژوویەکانە کە ئەوەمان بۆ ئەسەلمینێت کە ئەو شارستانیە مەزنانە بە تابلۆکانی ڕامبرانت و شیعرەکانی لۆرد بایرۆن و ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤێسکی و سۆناتاکانی چۆپین و فەلسەفەکانی ئەریستوو و شۆبنهاوەر پایەکانیان جێگیر نەبوە، بەڵکو بە بڵێسەی مەشخەڵی یەکەم بازووی گڕینی ماشینە زەبەلاحەکان بوو کە تەنها ڕێگەی بۆ گەشەی ئابووری نەکردەوە بەڵکوبوشە هۆی هێنانە کایەی جیهانی ترسناکی باروت و گولەو ماشینە مەزنەکانی کوشتن و دەسەڵاتێکی جیهانیشی باڵادەست کرد لە بۆ دەستەمۆکردن و گونجاندنی هۆشیاری مرۆڤی سەردەمی تازە لەگەڵ جۆرێکی تر لە کۆیلەبوون بۆ ماشینەکان و ڕۆبۆتەکان ، ئیتر زەمینیش تا هەتا هەتایە بوە جێگای ململانێی هێزو دەسەڵاتە بێشومارە شاراوەکان.

ئەندازیار : هەر ئەو حەزو ئارەزوی وێرانکەرەش بوو کە هۆشیاریە کی ساختە و دەسەڵاتی ڕەها ی فەراهەم کرد بۆ ئەو مرۆڤەگورگئاسایانەی کە چاوچنۆکیان بۆ لەزەت و هێز و دەسەڵات بوە هۆی دابڕانیان لە مۆراڵی ڕاستەقینەی مرۆڤدۆستی.

وێنەکێش :واتە دوور نیە ئێمە یاریەکی دۆڕاو نەکەین لە گەڕانێکی بێهودە وکۆچێکی لێڵئامانجدا، کە پەیوەستکراوە بە دیدەگایەکی جوان و و ئایدیاڵی یۆتۆپیائاسا بۆ بەناو وڵاتانی شارستانی مۆدێرن.

ئەندازیار : بەڵێ هەڵخەڵەتان و نیگاڵێلیەک وەک خەیاڵی پاکی منداڵێک بۆ گرتنی پەپولەیەکی سپی فڕیو کە هەرگیز نایگرێ.

وێنەکێش : دەی کەواتە چارەسەر چیە وێنەکێشی ئازیز؟!

ئەندازیار : چارەسەر، چارەسەر، چارەسەر! ئیتر هەر ئەوەیە کە بەردەوام بین لەم ڕێگەیەی هەڵمانبژاردوە ، دەبێت هەر بۆ پێشەوە بەرەو ئەو شەپۆلانەی کە هیوامانە بمانگەیێنێتە کەنارە ساردو تەزیوەکانی ڕۆژئاوا ، گەڕانەوە تازە ئەستەمە ، گەر ڕۆح لەوێ لە دۆزەخی نامۆییدا بێهەناسە بخنکێنرێ، لە نیشتمان جەستە لە خاچئەدرێ.

**(وێنەکێش دێتە ناوەڕاستی شانۆ و بەرامبەر بینەرەکان ووتەکان ئەڵێ ) :**

: بیرمە ئەو ڕۆژانەی لە نیشتمان دەستی وێرانکەر نەک تەنها پەپولەو بولبول و ئاسکەکێویەکانیشیان تەرە کرد، نەک تەنها بەهار و بێستان و چیاکانیان سووتان، بەڵکو ووشەو تابلۆ و سەمفۆنیا و پەیکەرەکانیشیان تەفرو تونا کرد ، لەوێ دڵڕفێنترین دیمەن چیتر باخچە سەرابیەکانی بەهار نین ، بەڵکو بەدمەستبوونە بە بۆنی قێزەوونی پارە و حەزە ژەهرینەکان.

**( لەو کاتەدا دوو کارەکتەری کۆلۆنێڵ و یاوەرەکەی لە لای چەپی شانۆ بەرەو ئاراستەی دوو کارەکتەرەکەی تر دێنە ناوەوە)**

کۆلۆنێل( **بە تورەیی قسەکانی ئاراستەی دوو کارەکتەرەکە دەکات** ) : مەگەر ئێوە ئاماژەی سەر تەلبەندەکانتان بەدی نەکردوە، قەدەغەیە هاتنە ناو ئەم کەنارە، قەدەغەیە! مەگەر چاوتان تووشی لێلی بوە!

یاوەری کۆلۆنێل: بەڵێ بەڕێز کۆلۆنێل ڕاستی فەرموو قەدەغەیە، واتە قەدەغەیە!

کۆلۆنێل: کەواتە بەڕێز یاوەری ئازیز پسولەیەکی سزای قورسیان بۆ بنوسە!!، ئا بیرم کەوتەوە ، هەر لەگەڵ پسولەکەش ئاگاداریەک بە دێڕێکی تۆخ بنوسە کە پێویستە کەمتر لە چەند خولەکێکی تر ئەم کەنارگەیە بۆ دواجار جێبهێڵن

یاوەر: بۆشیان ئەشنوسم هەرگیز بیر لە هاتنێکی تر نەکەنەوە

کۆلۆنێل : ئافەرین یاوەر، بشنوسە گەر دوابارەیان کردەوە ئەم سەرکێشیە چەندین هێندە جار سزای تربدرێن!

یاوەر : بەڵێ سزای قورس تەنانەت دوور نیە نەگاتە تیربارانکردن و لەسێدارەدان!

ئەندازیار : بوەستن ئێوە کێن ؟!

یاوەر( **خۆیانیان پێئەناسێنێ** ): بەڕێز کۆلۆنێلی خانەشین و لە ئێستاشدا بەڕێزیان بونەتە پاسەوانی دڵسۆز و بەئەمەکی ئەم ویستگەی پەڕینەوەیە بۆ فیردەوسی وون و خۆشم یاوەری کۆلۆنێلی خانەشین! ( **لەم کاتەدا لە جانتاکەی دەفتەرێکی بچووک دەرئەهێنێ و وەک بڵێی پسولەی سزادانیان بۆبنوسێت)**

وێنەکێش : واتە ئێرە وێستگەکەی پەڕینەوەیە !، سوپاس بۆ خواوەندی گەورەی هەموو خواوەندەکان، زیۆسی مەزن ، و ئەپۆلۆش خواوەندی هونەر!

یاوەر : دڵنیات ئەکەمەوە تۆ هەرکێ بیت، لێرە لەم وێستگەیە ، خواوەندەکانی یۆنان، زیۆس بێت یان ئەپۆلۆ، لێرە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە، هەموو شتێک بەدەست کۆلۆنێلی خانەنشین سپارتایە !

کۆلۆنێل : یاوەری ئازیز ڕاستی فەرموو تەنها بەندە لەم وێستگەیە دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی مانەوە و دەرکردنی ئێوەم هەیە نەوەک هەر خواوەندێکی یۆنانی تر!

ئەندازیار : ئێمە هیچ پێویستیەکمان بە پسولەی مۆڵەتی مانەوەی کۆلۆنێلی خانەنشین نیە !

کۆلۆنێل :وادیارە خۆتان ئارەزوتانە سزاکان چەندین قات لەسەر خۆتان زیاد بکەن . بەڕێز یاوەری ئازیز لە پسولەی سزادان بنوسە ١٠ لیرەی ئاڵتونی ، نا بەڵکو ١٠٠لیرەی ئاڵتونی بەرامبەر سەرپێچی پەڕینەوەی یاساغ بۆ ئەمدیو سنوور

یاوەر :هەر ئێستا ، بەڵام بنوسم چی بەروارێک و کاتێک؟

کۆلۆنێل :ئارامبگرە یاوەر با تەماشایەکی کاتژمێرەکە بکەم ( **چاوەکانی گرفتی هەیە لە بینینی کاتژمێرەکەی دەستی)**

**( ئەندازیار لە ژێر لێوەوە بە گوێی وێنەکێشدا ئەچرپێنێ : دیارە کۆلۆنێلیش هۆشیاری لەدەست داوە ئەگینا کەسێک تۆزێک دانایی تیابێت دەزانێت لە سنوورا هیچ ڕۆژ و بەروارێک بەهای نیە!)**

کۆلۆنێل : کارمەندی ئازیز بنوسە ڕۆژی ٦ /٢٠٢٩/٧، ٣٩بەڵکو ٢٠٣٧/٥/٧ یاخود ٢/٨/٧-٣٣-٤٢ ، ژمارەکان تێکەڵ ئەبن و قورسە دیارییکەم بەرواری ئەمڕۆ، یاوەرلە پسولەی سزادانەکە تەنها بنوسە ئەمڕۆ!

یاوەر : ئۆۆۆ کاتژمێرەکەی منیش کێشەی تیایەو میلی کاژێرەکانی لە سەر کاتژمێر ١٢ زۆر دەمێکە وەستاوە ( **کاتژمێرەکە ئەجوڵێنێ و لە پەنا گوێی نزیکی دەکاتەوە بەڵام وادیارە هیچ سودێکی نیە)**

کۆلۆنێل : کەواتە یاوەری ئازیز هیچ ڕێگایەکی تر نیە جگە لە بەستنەوەیان بە دارێکەوە ( **کۆلۆنێل خۆی دەگەیەنێتە جانتاکەی و گوریسێک دەرئەهێنێ و یاوەرەکەش بە پارچە دارێکەوە نزیک دەبێتەوە ، کێشمەکێش لە نێوان ئەو دوو گروپە نزیک ئەبێتەوە لەوەی بگاتە پێکدان کاتێک گروپێک تارمایی تر، کە پێکهاتوون لە چوار پاسەوان بە بەرگی سەربازیەوە خۆیان دەکەن بە نێو شانۆداو کێشمەکێشی نێوان دوو گروپەکە ڕائەوەستێ و نیگارکێش و ئەندازیارەکە هەڵدێن و لە پشت دارێکی ناو شانۆ خۆیان حەشار ئەدەن و نیگایان لەسەر لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی پاسەوانەکانە بۆ دوو کارەکتەرە دیلکراوەکە، کۆلۆنێل و یاوەرەکەی)**

سەرۆکی پاسەوانەکان: ئێوە پاسەوانە بەڕێزەکان تەماشاکەن چەند میوانێکی تایبەت ئەمڕۆ لەسەر کەنارن **(بە زمانێکی گاڵتەجاری و تەوسەوە ڕووئەکاتە دوو کارەکتەرە دیل کراوەکە، پاشان بە نمایشێکی گاڵتەجارانە ئەدوێت):**

: بەڕیزان وەک خۆم سەرگەورەی پاسەوانەکانی کەنارو هەروەها بەناوی پاسەوانەکانیشەوە ، ڕێگامان بدەن لە خزمەت ئێوەدابین بیست و چوار کاتژمێری تەواو!

یاوەر( **ئەمیش خۆیان ئەناسێنیت**) : بەڕێزانی سەرۆک و پاسەوانە ئازیزەکان ڕێگە بە ئێمە ش بدەن کەبەوپەڕی ئاسوودەییەوە خۆمانتان پێبناسێنین!!، بەندە کارمەندی پێشووی میری و بەڕێزیشیان کۆلۆنێلی خانەنشینکراو!

پاسەوانەکان: بەڕێزان کۆلۆنێلی خانەنشین و یاوەرەکەی گەر لەم پرسیارە تایبەتەمان ببورن چی هۆکارێک ئێوەی هێناوەتە سنورەکانی ئەم سێگۆشە قەدەغەکراوەی سنوور، کە هیچی لە سێگۆشەی بێرمۆدا کەمتر نیە لە سەمەرەییدا!؟

یاریدەدەری سەرۆکی پاسەوانەکان: گەر بۆشمان ڕونبکەنەوە بۆچی کۆلۆنێلی خانەنشین و هاوکارەکەی لەگەڵ دوو کۆچەری تری بێبەها چەند ساتێک پێشتر کێشمەکێشی دەستەویەخەیان بوو؟! هەرچەندە داخەکەم هەڵهاتنی ئەو دوو کۆچەرە بێبەهایە...

کۆلۆنێل : بەڕێز سەرۆکی پاسەوانەکان ، ئەوەی ڕوویدا تەنها پەرچەکردارێکی سروشتی بوو لە لایەن ئێمەوە، کەوەک هەست کردنێک بوو بە بەرپرسیارێتی بەئامانجی ڕێگری لەو دوو کۆچەرە بێ نرخە لە مانەوەیان لەم ویستگەیە.

سەرۆکی پاسەوانەکان: بەڵێ ، کاری پاساشکێنی ئەو دووکۆچەرە بێ بەهایەی هەڵهاتن زۆر ڕوون و ئاشکرایە ، بەدڵنیاییەوە هەردەبێت سزای خۆیان وەرگرن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە کۆلۆنێلی خانەنشینکراو نەپۆشینی بەرگ ونەبونی باجی ئەرکی فەرمی ئێوەیە!

کۆلۆنێل : جەنابی سەرۆکی پاسەوانەکان ئەبێت لە نەپۆشینی بەرگی سەربازی هەم لە لایەن من و هەم و یاوەرەکەم ببورن، ئەویش تەنها لەبەر ترسی باران و تۆفان بوو!

سەرۆکی پاسەوانەکان: ئەها! لەترسی باران و تۆفان ! واتە نە باج و نە شوناسی فەرمیش ، لە سەروو هەموشیان ڕۆڵی ساختەی پاسەوانی نیشتمانیشتان بینیوە، هەی بێ بەهایینە؟!( **بەتوڕەبونەوە دەنگ بەرزدەکاتەوە** ) مەگەر ئێوە نازانن ڕۆڵبینینی ساختە و خۆپێناسکردن بە فەرمانبەری دەوڵەتی ، چما نێودەوڵەتیش بێت، سزای چەندە قورسە !؟

یاوەر: بەڕێز کۆلۆنێل تۆ خۆت ڕونی بکەرەوە( **یاوەر قسەکەی ئاراستەی کۆلۆنێل کرد**)

سەرۆکی پاسەوانەکان (**بە توڕەیی وەڵام ئەداتەوە**): پێویست بەڕوونکردنەوەی زیاتر ناکات، پاسەوانەکان ئەم دوو کۆچەرە ساختە یە ببرێن بۆ لێکۆڵینەوە و شتومەکیان لێبسێنڕیت و سزاش بدرێن

**(کۆلۆنێل و یاوەرەکەی لەلایەن دوو پاسەوانەوە پەلکێشئەکرێنە لای چەپی شانۆ بە مەبەستی سزادانیان ، لەهەمان کاتدا دوو پاسەوانی تر لەگەڵ وێنەکێش و هاوڕێکەی بە دەستگیرکراوی لە دواوەی شانۆوە ئەبینڕێن)**

**(لێکۆڵینەوە لەگەڵ کۆلۆنێل و هاوکارەکەی دەستپێئەکات ، یەکەم پاسەوان پرسیار لە یاوەری کۆلۆنێل ئەکات)**

پاسەوان: ناو و ساڵی لەدایکبوون، شار ، تەمەن و بەڵگەنامە؟

**( یاوەر دەست بە گیرفانیدا ئەکات و بەڵگەنامەیەک ئەداتە دەستی پاسەوانەکە و کۆلۆنێلیش بەهەمان شێوە بەڵگەنامەیەک پێیشکەشی پاسەوانی دوەم ئەکات، لەپاشان هەردوو پاسەوانەکە بەسەر سوڕمانەوە تەماشای بەڵگەنامەکان و ڕوخساری کۆلۆنێک و یاوەرەکەی دەکەن)**

**(یەکەم پاسەوان لە سەرگەورەی پاسەوانەکان نزیک دەبێتەوە )**

پاسەوان: گەورەم هەڵەیەک هەیە لە بەڵگەنامەکان ، هەردوکیان هەمان ناو، هەمان ڕۆژی لەدایکبوون، هەمان شار و تەنانەت وێنەکانیشیان هەروەک یەکە!)

سەرۆکی پاسەوانەکان: کەواتە دوو کەسی ساختەن، و بەڵگەنامەی ساختەو ڕۆڵی کەسایەتی ساختەشیان بینیوە

کۆلۆنێل : بە پێچەوانەوە بەڕێز سەرۆکی پاسەوانەکان ، هەڵە تێگەیشتنێک ڕویداوە ، شتەکە هەمووی ڕێکەوتە بە لەیەکچوونی ناوو ناونیشان و شار و وێنە!

**( سەرۆکی پاسەوانەکان هەردوو بەڵگەنامەکە بەدەست ئەگرێت و بە ووردی تەماشای هەردوو بەڵگەنامەکە دەکات)**

تۆی کۆلۆنێل ناوت چیە؟

کۆلۆنێل : سپارکا

سەرۆکی پاسەوانەکان ( ڕوو ئەکاتە یاوەرەکە): ئەی تۆ بێبەها ؟

یاوەر: سپارکا

سەرۆکی پاسەوانەکان : تەمەنت چەندە کۆلۆنێل؟

کۆلۆنێل : ٣٣ ساڵ

سەرۆکی پاسەوانەکان( ڕوو ئەکاتە یاوەرەکە) : ئەی تۆ؟

یاوەر: ٣٣ ساڵ

سەرۆکی پاسەوانەکان( **بە ووردی تەماشای بەڵگەنامەماکەن ئەکاتەوە** ) : ( لێرەدا گەورەترین ساختەی شوناس ئەبینم ، شاری لەدایکبوون و ڕەنگی قژ و چاو و تەنانەت بەرزی باڵاشتان وەک یەک نوسراوە لە بەڵگە نامەکان! ، کەواتە نەک هەڵەیەک هەیە ، بەڵکو ساختەیەکی گەورە هەیە ، ئێوەی بێمێشک وا ئەزانن بە پیشاندانی بەڵگەنامەی ساختە هەروا بە ئاسانی پاسەوانی کەنار دەریاکانی پێ لەخشتئەبەن ؟! پێویستە هەر ئێستا ئێوە گەورەترین سزا بدرێن تاوەکو ببنە نمونەیەکی قێزەون بۆ هەموو کۆچەرە ساختەکانی تر، هەر ئێستا هەموو پاسەوانەکان با دادگای لێکۆڵینەوە لە پرسی ساختەکردنی بەڵگەنامەو و ڕۆڵبینینی ساختەی کەسایەتی فەرمانبەری دەوڵەت لە لایەن دوو کۆچەری یاساغەوە ئامادە بکرێ

**( سروتی بەجێهێنانی دادگاییەکە شێوازێکی سریالی لە خۆ ئەگرێ کاتێک سەرۆکی پاسەوانەکان وەک دادوەر لێکۆڵینەوە لە کۆلۆنێل و یاوەرەکەی دەکات)**

سەرۆکی پاسەوانەکان: تۆ کۆلۆنێل پێمان بڵێ بۆ وازت لەچەک و باج و بەرگە نیشتمانییەکەی خۆت هێناوە ؟

کۆلۆنێل : بەڕێز سەرۆکی پاسەوانەکان شوناس و کار و ڕۆڵی کەسەکان بە شوێنەکانیانەوە بەندە، لەگەڵ نەمانی شوێنەکان هیچ لەوانە بونیان نامێنێت، بە مانایەکی تر ئەوە من و یاوەری هاوڕێم نەبووین وازمان لە نیشتمانی خۆمان هێناوە، بەڵکوئەوە نیشتمان خۆی بوو وازی لە ئێمە هێنا!!

سەرۆکی پاسەوانەکان: بێمێشک وادەزانی بە وازلێهێنانی شوناسێک و هەڵهاتن بەرەو ئەو دیو ئۆقیانوسەکان ئیتر تۆ ئەبیتە مرۆڤی باڵا وەک مرۆڤە باڵاکانی ڕۆژئاوا؟! مەگەر تۆ نازانی ئەوە یاسای گەشەسەندنی سروشتە کە هەندێ مرۆڤ باڵاترو مرۆڤترو هەندێک کەمتر مرۆڤترو و زیاتر ئاژەڵترن؟!

کۆلۆنێل : مەگەر لە بانگەشە مرۆڤدۆستیەکانی ئەو دیو ئۆقیانوسە دورەکان ، هەموو بەندە سەرەکیەکانی ئەو جاڕنامە جیهانیانە جەخت لەسەر مرۆڤی یەکسان و مافی ڕەوا لەهەڵبژاردن و دیاریکردنی چارەنوسی گروپی مرۆڤەکان دیارینەکراوە؟

سەرکردەی پاسەوانەکان( **قاقا لێئەدا**) : پاسەوانەکان من ئەمڕۆ گەمژەترین ووتەم گوێلێبوو ، مرۆڤی یەکسان! مافی چارەنوسسازی!!! ( **قاقا لێئەدات** ) کۆلۆنێلی خانەنشین لە یۆتۆبیای خەیاڵا مێشکی لەدەست داوە ، مرۆڤی یەکسان و مافی چارەنوسسازی نوسراوێکی بێبەهای نێو کتێبە تۆزلێنیشتوە فەرمۆشکراوەکانی کتێبخانە وێرانکراوەکانە، تۆ کۆلۆنێلی ساختە بەئاگا بەرەوە، ئێستا سەردەم سەردەمی ڕکابەری و بەهەمهێنانی کۆیلەی نوێی بازاڕە مەزنەهاوچەرخەکانە، ئێوەش بەدڵنیایی بەشێکن لە کۆیلەکانی چەرخی نوێ، ئەزانی بۆ کۆلۆنێلی هەڵهاتوو، تۆ ئەزانی بۆ؟ چونکە وازت لە مۆڵگەی بوونت هێناوە، کێشەی تۆو یاوەری هاوڕێت کێشەی بوون و نەبوونە، ئا بەڵێ کێشەی بوون و نەبوون!، چونکە ڕۆژانێک کە هەموو گروپەکانی تری زەمین پۆشاکی بونیان لەبەرکرد، ئێوە ی بەدنەفرەتی هەموو دنیا بەرگی شوناسی بونتان بۆ بەرگی شوناسی بیابان وازلێهێنا.

**( سەرۆکی پاسەوانەکان قسەکانی ئاراستەی یاوەرەکەش ئەکات ):**

سزای ئێوە ئەبێت ببێتە نمونە بۆ هەموو کۆچەرێکی تر نەک هەر شوناسی خۆی گۆڕیبێت، بەڵکو بیەوێت ئاسایش و ئارامی وڵاتانی شارستانی باڵا ناسەقامگیرکا

یاوەری کۆلۆنێل: گەورەم سەرۆکی پاسەوانەکان ڕێگام بدە من ڕایەکی جیاواز لە ڕا و بۆچونە نادروستەکانی کۆلۆنێل بەیان کەم، گەورەم ئەو بە هۆی بێهیوایی و سەرەڕۆییەکی بێهودانە بەتەواوی هوشیاری لەدەست داوە. ڕێگەم بدە کە سۆزو دڵسۆزی خۆم دەربڕم بۆ یاساکانی ئەم کەنارگەیە و بەڵێنی وەفاداری بدەم و هەمیشە خزمەتکارێکی دڵسۆز ئەبم

سەرۆکی پاسەوانەکان: ئافەرین ئەوە قسەی ڕاستە،تۆو کۆلۆنێل پێویستە خزمەتکارێکی بەوەفای شارستانیەتێک بن کە لە باڵابوونیدا هیچ ڕۆڵێکی کاراتان تیا نەبینیوە، ،هەر ئێستا سزاکان جێبەجێ بکرێت.( فەرمان بۆ پاسەوانەکان دەرئەکات)

**( لە لای چەپی شانۆ ژنە ڕەشپۆشەکە وەک تارماییەک بە بێدەنگی دێتە ناو  شانۆ)**

**( پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە ڕێچکەیەکی دراماتیکی وەرئەگرێ کاتێک پاسەوانەکان دەست دەکەن بە بەجێهێنانی سروتی نمایشی لەسێدارەدانی دوو سزادراوەکە ئەویش بە پەلکێشکردنیان بۆ لای دارێک لە پشتەوە کە  ئامادەئەکریت وەک سێدارە بە بەکارهێنانی هەمان گوریس کە کۆلۆنێڵ پێشتر بەکاری هێنا بۆ بەستنەوەی دوو کارەکتەری تر . نمایشی لە سێدارەدانەکە ش شێوازێکی کۆمیدی و سریالی وەرئەگرێت کاتێک پاسەوانەکان چارەنوسی هەردوکیان ئەخەنە تیرو پشکەوە ، سەرگەورەی پاسەوانەکان پێش هەڵدانی پارەیەک بە ئاسمانا پرسیارێک ئەکات ، شەو پێش ڕۆژە یان ڕۆژ پێش شەوە؟ کۆلۆنێل دەڵێ شەو پێشترە بەڵام پارەکە بەپێچەوانەی چاوەڕوانی ئەو دێتە خوارو بڕیار ئەدرێت ببرێتە لای دارەکە بۆ بەجێهێنانی سزای لەسێدارەدانی !)**

سەرۆکی پاسەوانەکان: پاسەوان بەڕێز کۆلۆنێل بەرن بۆ سێدارە بە مەرجی بەجێهێنانی دوا هیوایان .( ڕوو دەکاتە کۆلۆنیل) :

کۆلۆنێلی ئازیز بیڵێ شەرم مەکەحەزتان بەچیە وەک دوا داواکاری پێش لەسێدارەدان؟!

کۆلۆنێل : هەرچیم بوێ؟!

سەرۆکی پاسەوانەکان: بەدڵنیایی، ئێمە تەنها ئاسوودەیی ئێوەمان مەبەستە!، هەر وەک عەفریتێکی ئەفسوناوی نێو ئەفسانەکان لەبەردەستانداین ، تکامە داخوازی هەرچیەک هەیە بیڵێ بە بێ دودڵی  !

کۆلۆنێل : ئەمەوێت بۆتەنها جارێکیش بێ ئەمشەو کە کەشتی کۆچەران گەیشتە ئەم کەنارگەیە  منیش گەشت بکەم بۆ ئەودیو زەریاکان وپاشان پەیمان ئەدەم ،  بە گیانی یاوەرەکەم، کە بگەڕێمەوە!

سەرۆکی پاسەوانەکان: کۆلۆنێل پێش هەموو شتێک گیانی یاوەرەکەت هیچ نرخ و بەهایەکی لای ئێمە نیە! کەشتی کۆچەرانیش ئەمشەو ناگەنە ئەم کەنارگە یە، ئەزانی بۆ؟ چونکە پاسەوانەکان ئەمشەو لە هەموو شوێنێکا بونەتە هەزاران چاوی زیت و بەئاگا، هەربۆیەکیشە زۆر باشترە بۆ تۆ کۆلۆنێل سپارکا کە چارەنوسی خۆت لە ئامێز بگریت و هەر وەک پاڵەوانە ئەفسانەیەکانی یۆنانی و ڕۆمانەکان، وەک زیۆس و  هەرقل  جوامێرانە بێ ترس و تۆقان بەرەنگاری مەرگ بیتەوە ( قاقایەکی گاڵتەئامێز لێئەدا).

کۆلۆنێل : بەڵام سەرگەورەی ئازیز منێک کۆلۆنیلی خانەنشین کە تواناى جەستەیی و دەروونیم  تەواولاواز بوەوە و خۆری لاوێتیم لە پایزی ئاوابوونە ، هیچ خەسلەتێکی پاڵەوانێتی وەک پاڵەوانە یۆنانیە کان وەک زیۆس و هەرقل لە خۆمدا نابینم.

سەرۆکی پاسەوانەکان: بێ ترس بە کۆلۆنێل،  لەبەردەم مەرگا هەموان پاڵەوانین ! ( قاقا لێئەدا)

**(کۆلۆنێل ئەبرێتە لای دارەکەو خەریکە ملی ئەکرێت بە پەتەکە لە سروتێکی تەواوکۆمیدی و سریالیدا)**

**( لە لای چەپی شانۆ پێش ئەوەی تەواو ملی کۆلۆنێل بکرێت بە پەتەکەدا هەمان پرۆسەو سروتی فڕێدانی پارچە پارەیەک بە ئاسماندا لەگەڵ یاوەرەکەی کۆلۆنێل  دوبارە ئەکرێتەوە ، و لە پڕێکا پاسەوانەکە هاوار ئەکا کە بوەستن چونکە یاوەرەکەش هەڵەی کرد لە ووتنی ڕاستی لەوەی شەو پێشترە یان ڕۆژ!! بە هەمان شێوەش  یاوەرەکە دەبرێتە بەردەم دارەکەو کۆلۆنێل لەسەر بەردەکە دائەگرن و ماسکە سپیەکە ئەکەن بەسەر یاوەرەکە و بەرزی دەکەنەوە بۆ لای پەتی سێدارە، بە هەمان شێوەی کۆلۆنێلەکە لە یاوەرەکە ئەپرسن کە دواداخوازی کۆتای چیە پێش ئەوەی بگاتە مەرگ، ئەویش وەک دوا داخوازی مەرگ داوای خۆشترین ژەمی  خواردن ئەکا!، لەبەرامبەردا سەرگەورەی پاسەوانەکان بە هەمان شێوازی گاڵتەجاری و تەوسێکەوە وەڵامی ئەداتەوە :**

هەر ئێستا پاسەوانەکانی کەنار بکەونە خۆ و تەلەفونم بۆ پەیداکەن  تاوەکو زەنگێک بۆ گەورەترین و نایابترین و گرانبەهاترین چێشتخانەی پاریس، شاری جوانی و مۆدێل و ڕەنگ و تام و بۆن بکەم! بۆ داواکردنی خۆشترین و بەتامترین ژەم بۆ بەڕێز یاوەری کۆلۆنێل( پێکەنینێکی تەنزئامێز)-( **گاردەکان تەلەفونێکی بۆ دەهێنن و سەرۆکی پاسەوانەکان نمایشی تەلەفون بۆ خواردنگەیەکی پاریس دەکات !وپاشئەوەی کە وەڵامدانەوەی تەلەفونە گاڵتەئامێزەکەی نادرێتەوە ! ڕوو ئەکاتە یاوەرەکەی کۆلۆنێل** :

سەرۆکی پاسەوانەکان : بمانبەخشە بەڕێز یاوەری کۆلۆنێلی ئازیز، مەگەرئێوە ئاگادارنین وێستگەکەمان لە دوورترین خاڵی سنوردایەو هیچ تۆڕێکی پەیوەندیکردن کار ناکات تاوەکو خواردنی دڵخوازی خۆتان بۆ داوا بکەین!، ( **دەنگ بەرزئەکاتەوە**) : بە کورتیەکەی با پرۆسەی لەسێدارەدانی بەڕێز یاوەری کۆلۆنێل بەردەوام بێ! ( **هاوار ئەکات بەسەر پاسەوانەکان ونمایشێکی کۆمیدی تر دەستپێئەکات کتێک پاسەوانەکان گوریسەکە لە ملی کۆلۆنێل دەربهێنن و دەیکەنە ملی یاوەرەکەی کۆلۆنێل !!**

**( لە لای چەپی شانۆ و لەهەمان کاتی نمایشی لە سێدارەدانی کۆلۆنێڵ و یاوەرەکەی ، پاسەوانێک نزیک ئەبێتەوە لە و ژنە ڕەشپۆشەی کە بە بێدەنگی دێتە شانۆو وهێشتا تۆپەڵە قوماشەکەی لە شێوەی منداڵ لە ئامێز گرتوە)**

پاسەوان ( **ڕووئەکاتە سەرۆکی پاسەوانەکان** ) : گەورەم ئەمەش کۆچەرێکی ترەو وادیارە منداڵێکی لە گەڵ خۆی هێناوە بۆ کەنارگەکە

سەرکردەی گاردەکان : کۆچەری ئافرەت بە منداڵەوە ؟ واتە کۆمیدیایەکی تر ! ئەویش بهێنن.(**ڕوو ئەکاتە ژنە ڕەشپۆشەکە**):

بەخیر بێی خانم بۆ دورخە بچوکەکەمان !، وەک دەبینیت توانامان زۆر سنوردارەو و داوای لێخۆشبوون دەکەین کە هیچ دایەنگەیەکیش لێرە پێنازانین تاوەکو هاوکاری کۆرپەکەتان بکەین!

ژنە ڕەشپۆشەکە : کۆرپەکەم هەرگیز لێناسێنن

سەرکردەی پاسەوانەکان : خانم تەنها مەبەستمانە ئێوە پێناسی خۆتان دیاری بکەن و بۆمان ڕونبکەیتەوە کە چیشتێک ئێوەی هێناوەتە ئەم وێرانەخاکە بە کۆرپەیەکەوە؟

ژنە ڕەشپۆشەکە : هەرگیزڕێگە نادەم ئازاری کۆرپەکەم بدەن (**لەو ساتەوەختەدا پاسەوانێک تەواو نزیک ئەبێتەوە لە و کۆمەڵە قوماشەی ژنە ڕەشپۆشەکە هەڵی گرتەوە بە سنگیەوە)**

پاسەوانی یەکەم : گەورەم وادیارە کە ئەوەی لە ئامێزیدایە کۆرپە نیە!

پاسەوانی دوەمم : دوورنیە شتو مەکی یاساغ نەبێت

سەرکردەی پاسەوانەکان : دەی پاسەوانەکان پشکنینێکی خێرای بۆ ئەنجام بدەن

ژنە ڕەشپۆشەکە ( **هاوارئەکا و بەرگری ئەکات** ): هەرگیز ناهێڵم کۆرپەکەم بەرن ،ئەگینا خۆم فڕێ ئەدەمە نێو شەپۆلەکان.
سەرۆکی پاسەوانەکان : بەڕای بەندە هەڵبژاردنی ئەم ئێوارە درەنگە بۆ مەلەوانی ! ولەم کەنار زەریا سارد و ترسناکە کارێکی تەندروست و دانایی نیە خانمەکەم!هەروەها هەستی مرۆڤدۆستی پاسەوانە ئازیزەکان ڕێگر ئەبێت لەوەی هەم خۆت و هەم کۆرپەکەت توشی هیچ مەترسیەک ببن، ( **لە پڕێکدا دەنگ بەرزدەکاتەوە** ) هەربۆیەکیشە پیشنیار دەکەم هەی کۆچەری یاساغ کە هەر ئێستا هەرچی شت و مەکی یاساغ و نهێنی و ڕێگەپێنەدراوتان هەیە لەسەر ئەم قوماشە سپیە هەر وەک کۆچەرانی تر دابینێیت.

**(کێشمەکێش لە نێوان پاسەوانێک و ژنە ڕەشپۆشەکە دروستدەبێ و لەو نێوەندەدا ئاشکرا ئەبێت ئەوەی لە نێو تۆپەڵە قوماشەکەدا ئاڵاوە هیچ نیە جگە لە بوکەشوشەیەک ، و لە کۆتایی کێشمەکێشەکەشدا سەری بوکەشوشەکە بە دەستی پاسەوانەکە ئەمێنێ و جەستەی بێسەری بوکەشوشەکەش لە ئامێزی ژنە ڕەشپۆشەکەدا ئەمێنێتەوە)**

پاسەوانی یەکەم :گەورەم تەماشاکە ، ئەم بەدنەفرەتیە منداڵی ڕاستەقینەی هەڵنەگرتوە

سەرۆکی پاسەوانەکان : دەی پاسەوانەکان پشکنینی خێرا بکەن لەوانەیە شتی یاساغی تیا حەشاردابێت

ژنە ڕەشپۆشەکە : ئای کۆرپەکەم، ئەم تاوانبارانە دوو جار ڕۆحیان کێشایت!

پاسەوانی دوەم (**بە گاڵتەو بەتەوسەوە** ): من دەڵێم خۆی و بوکەشەشە نەفرەتیەکەش فڕێبدەینە ناو شەپۆلەکان، چی ئافرەتێکی کەلەڕەقە!

ژنەڕەشپۆشەکە( **چاوی لەسەر جەستەی بوکەشوشەکەی نێو ئامێزیا)** : ئێوە دلڕەقن ، نابینن تروسکەی چاوەکانی، گوێتان لە گریانی نیە؟ من گوێم لە گریانی کۆرپەکەیە ! کوا بوکەشوشە ئەگری؟!....من هەموو ڕۆژێک لە کەناردەریا بوکەشوشەی منداڵی کۆچەرەکان کۆئەکەمەوە،ئەوان ناگرین لە ڕۆژەکانا، تەنها لە شەوانا ، کاتێک کەنار دەریاکان چۆڵ ئەبێت، هەنسک ئەدەن، هەندێکیان داوای گەڕانەوە بۆ لای دایکیان ئەکەن، هەندێکیان بۆ نیشتمان، هەندێکیشیان زۆر ساوان، داوای تۆزقاڵێک شیر ئەکەن ، هەروەک زەرنەقووتەی چۆلەکەی برسی، ئێوەی دلڕەق نازانن هەر بوکەشوشەیەکی جێماوی کەنارەکان منداڵێکی زیندوە و تا سپێدە هەنسکی گریانی دێ، وەک بەچکە نەورەسەکان هەرئەوندە زەریایان دی و دایەنە شەقەی باڵ ئیتر ئەستەمە جارێکی تربگەڕێنەوە نیشتمان، کۆرپە شۆڕاوەکانی کەنار و بەچکە نەورەسەکان تازە دڵیان شکا، من لە خەمی بەچکە نەورەسەکانمە ، برسی و تەزیو ، خۆزگە لە کەنارێکی ترا جێمان هێشتبانایە، ئای چەند قورسە کۆکردنەوەی بوکەشوشە شۆڕاوەکانی کەنار دەریا دوای زریان و تۆفان، ئای چەندیش قورسە گەڕان بەدوای کەناری نیشتمانێکی ترا.

پاسەوانی سێیەم : بوەستن من ئەم ئافرەتە دەناسم( **پاسەوانێکی تر لێی نزیک بوەوە)**

پاسەوانی چوارەم: گەورەم سەرۆکی پاسەوانەکان منیش ئەم ژنەم پێشتر بینیوە

سەرۆکی پاسەوانەکان : بیڵێ کێیە ئەی پاسەوان

پاسەوانی سێیەم : گەورەم گەر هەڵەنەبم، هەرچەندە لە سەدا سەد دڵنیام کە خۆیەتی(**پاسەوانەکە زۆر نزیک دەبێتەوە و زۆر بە ووردی تەماشای روخساری ژنەکە دەکات)**

پاسەوانەکە : ئەم ژنە ڕزگاربوی هەمان بەلەمی کۆچبەرانە کە هەفتەی پێشوو لە شەوێکی درەنگاندا لە کەنار دەریا پاسەوانەکانی کەنار دەریا دۆزیانەوە پاش ئەوەی خۆی و کۆمەڵە کەسانی تر بەلەمەکەیان بە هۆی زریان و تۆفانێکی سەخت و مەترسیدارەوە تێکشکابوو ، بیرمە ئەوکاتەش هاوارو گریانی وونبوونی کۆرپەکەی بوو

سەرۆکی پاسەوانەکان: دەکەواتە وازی لێبهێنن و مەیپشکنن، با بۆخۆی لەم کەنارانە بسوڕێتەوە، ئەوەی لە زەریاوە بە تێکشکاوی بگەڕێتەوە تازە هیچ بەهایەکی گرنگ و گرانی نیە!

**(لەولاتر،لای چەپی شانۆ پڕۆسەی نمایشی لەسێدارەدانی کۆلۆنێل و یاوەرەکەی دوبارە دەبێتەوە بە ڕیتمێکی گاڵتەئامێز، هەرجارەیان یەکێکیان ئەبرێتە بەردەم پەتی سێدارەو لە کۆتا چرکەدا ڕۆڵەکە ئەگۆڕێ و ئەوی تریان پڕۆسەی ساختەی لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێدەکرێ بەشێوازێکی کۆمیدی، لە هەمووی گاڵتەئامێزتر ئەوەیە کە کۆلۆنێل و یاوەرەکەی خۆیان ڕۆڵەکان ئەگۆڕن و بە ئازادی خۆیان پەت لە ملی خۆیان دەکەن و پاشان هەرخۆشیان کرداری لە سێدارەدانەکە لە کۆتا چرکەدا ئەوەستێن و پاشان دەستپێدەکەنەوە!!!،پاشان لەگەرمەی سەرقاڵیبوونی پاسەوانەکان بە پرۆسە گاڵتەئامێزەکەی لە سێدارەدانی دوو کارەکتەرەکە و لێکۆڵینەوە لە ژنە ڕەشپۆشەکە، لە ناوەڕاستی شانۆوە دوو تارمایی تر دێنە ژورەوە کە ژنێک و پیاوێکە ، یەکەمیان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش وەک گەشتیارێک خۆی گۆڕیوە و ئەوی تریش وەک یاوەری ئەوجانتایەکی گەورەی هەڵگرتوە ):**

یاوەری ژنە گەشتیارەکە:خانمەکەم وابۆی ئەچم گەیشتبینە وێستگەی کۆتایی ڕێگای دوورمان بەرەو مەملەکەتی ئاسودەیی

ژنەە گەشتیارەکە :تۆبڵێی وابێت، ئای چەند ماندوو بێزاربوم لە ڕۆشتن، ئیتر لە گەیشتنمان بەو جیهانە نوێیە ی هیچ خەیاڵێک ناتوانێ وێنای بکات ، پشویەکی هەتا هەتا ئەدەم و هەرگیز جارێکی تر بیرکردنەوە لە گەڕانەوە نیە ، بیرەوەوریەکانی ڕابرووش تا هەتا هەتایە لە مێشکم ناهێڵم

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : بەدڵنیایی خانمەکەم، تەنها ئەمشەوەو بەیانی بەلەمی خێرا وەک باڵی هەڵۆ دەمانگەیەنێتە شارە قەشەنگەکانی پشت ئۆقیانوسەکان.

ژنە گەشتیارەکە : چۆن؟؟! ، مەبەستت ئەم شەو لەم چۆڵەوانیە بەسەر بەرم؟!

یاوەری ژنە گەشتیارەکە: خانمی بەڕێز وەک دەبینیت جگە لە ئێمە کەسی تر دیار نیە لەم چۆڵەوانیە !

ژنە گەشتیارەکە : هەرگیز شتی وانابێت!، ئۆف خودایە، ئەم شوێنە چەند...چەند....چۆن باسی کەم...شوێنێک...ناڕێک و نەگونجاو بۆ کەسانی شایستە و پایەبڵندو خاوەن پریستیجی کۆمەڵایەتی ، ئۆف ! جل و بەرگی نایابم خۆڵ و تۆزی لێنیشتوە! کڵاوەکەشم لێوارەکانی خواربوەتەوە! پێڵاوە زۆر تایبەتە ئیتاڵیەکانم ڕەنگ و رەونەقی نەماوە!،ڕوخسارە سەرنجراکێشەکەشم .... ( **ئاوێنەیەکی بچووک دەرئەهێنێ و ئارایشێکی کەمی خۆی دەکات ، یاوەرەکەشی جانتاکەی سەرشانی دائەنێ و نزیک ئەبێتەوە لە ڕوخساری ئەو، هەروەک بڵێی نیازی تەماشاکردنی چاوەکانی ئەو بکات ، ژنەکەش وەک پەرچەدانەوەیەک بەهەردوو دەستەکانی یاوەرەکەی دووری ئەخاتەوە** ) :

ژنە گەشتیارەکە : گەمژە بۆچی لە روخسارم نزیک ئەبیتەوە؟

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : ئاخر خانمەکەم خۆت ووتت ڕخسارت

ژنە گەشتیارەکە : ڕوخسارم چی؟

ژنە گەشتیارەکە : ئێ تەنها هەر ئەوە بوو ویستم بزانم...

ژنە گەشتیارەکە : چی بزانیت گەمژە

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : ویستم..

ژنە گەشتیارەکە : بیڵێ

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : ویستم..

ژنە گەشتیارەکە : چی هەیە بیڵێ

یاوەری ژنە گەشتیارەکە :تەنها ویستم بزانم تەندروستن و بێکێشەن چاوەکانت

ژنە گەشتیارەکە : ئای خوایە، بۆچی کەسە گەمژەکان ئەبێت شتەکان ئاڵۆز کەن، پێم نەوتیت بیرکردنەوەکانت لە سازکردنی ئامادەکاریەکانی سەفەرا سنوردارکەو و هیچی تر نا

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : بەدڵنیایی خانمەکەم ( **جانتاکە دائەنێ و کورسیەکی پچوکی گەشتیاری ڕەنگاوڕەنگیش لە ناو جانتاکە دەرئەهێنێ لەوانەی کە دائەخرێن و ئەکرێنەوە و ئامادەی ئەکات تاوەکو کارەکتەرە ژنەکە لەسەری دابنیشێت، ژنەکەش بەپیشاندانی شکۆیەکی ئەرستۆکراتیانەوە دائەنیشێ و ئاوێنەیەک دەرئەهێنێ و ئارایشی خۆی دەکات، لەوکاتەدا یاوەرەکەش قوماشێکی سپی لەسەر میزێکی بچوک ڕائەخات و شتو مەکی خواردەمەنی لەسەرئەڕازێنێتەوە )**

ژنە گەشتیارەکە : چی گەمژەیەک بەم شیوەیە مێزی خواردن دەڕازێنێتەوە !چەند جارم پێت ووت چەتاڵ لەلای چەپ و کەوچک و چەقۆش لەلای راست! ، ئای خوایە ئەبێت ئەمشەو لێرە بمێنمەوە!

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : بەداخەوە خانمەکەم ئیتر ئەوە ناچاریە

ژنە گەشتیارەکە : هەرگیز چاوەڕوانی کۆتاییەکی وام نەدەکرد بۆ ئەم گەشتە

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : خانم ئەبێت ببوریت لەم ڕونکردنەوەیەم ، هەرچەندە بەڕێزتان شکۆو پلەو پایەی بەرزی کۆمەڵایەتیتان جێگەی دودڵی نیە، بەڵام ئیتر هەرواشە ، ئێوەش هەر بە کۆچەر مەزندە ئەکرێن!

ژنە گەشتیارەکە : دەمت داخە گەمژە، کۆچەری چی! ، چۆن بەرامبەر خانمێکی خاوەن پلەو پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی ئاوا قسە دەکەیت!پێم بڵێ چۆن پلەو بەهای بەرزی خانمەکەت بەراورد ئەکەیت لەگەڵ کۆچەرێکی ئاوارە ی ئاست نزم؟!

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : خانمەکەم زۆر ببورن هەرگیزاو هەرگیز ڕۆژێک لەڕۆژان بە بیرما نەهاتوە پلە باڵاو پرەستیژی کۆمەڵایەتی ئێوە بەراورد کەم لەگەڵ کۆچەرێکی بێلانەو دەربەدەری قێزەون ( **لەگەڵ خۆیدا لە ژێر لێوەوە بە تەوسەوە قسە دەکات : مەگەر یەکێک نەزانێت ڕەگی ڕەچەڵەکی ئەو لە ئەرستۆکراتەکانی ڕۆماو جنێف و لەندەنەوە هاتوە!**

ژنە گەشتیارەکە : ئەوە لە ژێرلێوەوە چیت ووتت ؟

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : هیچ شتێک خانمەکەم ، تەنها لە مێشکی خۆمدا لێکم ئەدایەوە ، کە چارە تەنها مانەوەیە بەناچاری لەم دورخە دورەپەرێزە.

ژنە گەشتیارەکە : وا دیارە ئەو ڕێکەوتنەش کە لەگەڵ ئەو بەڵێندەرە نەفرەتیە کردمان چەواشەکاریەکی تێدایە، دەبوا شوێنی باشتری بۆ دابین کردینایە بۆ حەوانەوە ، من چۆن چۆنی لە م چۆڵەوانەیە بەرگە ی ئەم هەموو میشو مەگەزە بگرم؟!، ئەبێت کوافێر یاخود کافیتێریایەک لەم نزیکانە هەبن! ، وانیە ؟

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : خانم وەک زانیاریەکی سادە و بە گریمانەی من نزیکترین مۆڵگەی ئاوەدانی لەم دورخەیەوە لانی کەم ٣٥٠ کیلۆمەتر دوورە !

ژنە گەشتیارەکە : هەست ئەکەم دڵم ئەتەقێ ، من ڕانەهاتووم بە خۆگونجاندن لە گەڵ شوێنی ئاوەها وێرانە ، ( **تەماشای یاورەکە ئەکات کە سەرقاڵی خواردنی شتومەکی ڕازاوەی سەر مێزە بچوکەکەیە)**

ژنە گەشتیارەکە : ئەوە تۆ خەریکی چییت ؟!

یاوەری ژنە گەشتیارەکە: هیچی وا نیە، تەنها پەرداخێک شەرابی سێو!

ژنە گەشتیارەکە : چی بەدبەختیەکە لەگەڵ گەمژەیەکا گەشتێکی چارەنوسسازبەرێکەیت، چەند جار پێم وتیت کەلوپەلی لە خۆت باڵاتر بەکار مەهێنە ( **دەستەسڕێک دەرئەهێنێ و پەرداخەکە پاک ئەکاتەوە )**

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : خانمەکەم هیچ خەمت نەبێت هەموو خواردنە تایبەتیەکان، مرەبای هەنجیرو سێوی لە قوتونراوو و تەنانەت شوشە شەرابەکانیش هەروەک خۆیانن

ژنە گەشتیارەکە : ئەبێت هەروا بێت

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : دڵنیاتان ئەکەمەوە هەموو فرمانەکانتان جێبەجێ کراوە

ژنە گەشتیارەکە : مەگەر یاسای گەردوون وای دانەناوە بچوکەکان خزمەتکاری دڵسۆزی گەورەی خۆیان بن

**(لەو کاتەدا ژنە ڕەشپۆشەکە کە بە ئامێزیەوە هەمان بوکەشوشەی پێچراوە لە پەڕۆ نزیک دەبێتەوە لێیان)**

ژنە ڕەشپۆشەکە : ئێوەش چاوەڕوانی دوا کەشتین ؟

ژنە گەشتیارەکە : تۆ هەڵەیت خانم ، هەموان یەک مەبەست و ئامانج لێرە کۆمان ناکاتەوە

ژنە رەشپۆشەکە :دەزانم ئێوەش نیازتانە هەمان بەلەم بتانبات بۆ پشت زەریاکان

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : خانمەکەم واتێبگەم ئەویش بەهەمان مەبەست لێرەیە

ژنە گەشتیارەکە :هەرگیز شتی وانابێت، بەڵێندەری گەشتەکەمان زۆر بە ڕوونی پێی ووتم کە کەشتی ئێمە تەنها بۆ کەسانی دیارو خاوەن پێگەو هەڵبژێردراوەکانن، نرخی گەشتەکەشمان بە پارەیەکی هیجگار زۆر کراوە ، دڵنیا بە یاوەر هەڵە تێگەیشتنیک لە ئارادایە ، پاشان شێوە و روخساری ئەم بەستەزمانە لە ژنە هەژار ، یاخود سواڵکەرئەچێ! دیارە ئەوەندەی پێویستی بە کۆمەکە ئەوەندە ئامانجی گەیشتن نیە بە وڵاتانی پشت ئۆقیانوسەکان ، بەخشندەیی و دەرخستنی سۆز و بەزەیی بەرامبەر مرۆڤە لاوازو نزمتر لە پێگە کۆمەڵایەتی مرۆڤە باڵاکان ئیتر بەشێکە لەو باجەی گەورەکان لەبەرامبەر پرستیج و پێگەی خۆیان ئەیدەن، داوائەکەم کۆمەکی بکرێت

**(یاوەرەکە لە جانتایەکی بچووکی ناو جانتا گەورەکە چنگێک پارە دەرئەهینێ و ئەیخاتە نێو دەستی ژنە ڕەشپۆشەکەو ئەویش بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکات)**

**( لە م ساتەوەختەدا پاسەوانەکان دەگەڕێنەوە ناو شانۆ)**

سەرۆکی پاسەوانەکان : تەماشا کەن ، چی خۆشبەختیەکە، میوانی نوێ گەیشتوەتە دورخەکەمان ، خۆشهاتن، خۆشهاتن!

ژنە گەشتیارەکە :ئەمانە کێین یاوەر ، گەر بیرم بێ ڕێبەری گەشتەکەمان باسی سەربازو ڕێگری نەکرد، هەست ئەکەم هەڵەیەک هەبێت ، ئەمانە ڕێگری زەریان !! تۆ بڵێی زیندانمان کەن، ئەشکەنجەمان بەن، بمانکوژن ؟ من ئەترسم..

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : خانمەکەم هەرچەندە منیش وەک ئێوە ترسم لێنیشتوە، بەڵام..بەڵام...لەو باوەڕەدام ئەوانە هەر کەسێک بن، بەدڵنیایی گەر بزانن بەڕێزتان پلەی کۆمەڵایەتیتان هێندە بڵند و نەجیبزادەو شکۆدار و پرەستیجن! **( ووتنەکەی گاڵتەئامێزانەیە )** ئیتر بەدڵنیایی لێمان دەگەڕێن و دوور نیە هاوکارمان نەبن لە گواستنەوەمان بە کەشتی بۆ ئەو بەری کەنار**( لە ژێر لێوەوە قسەدەکات و بە خۆی دەڵێ : بەڕاستی تیاچوین ئیتر لووتبەرزی و خۆبادەنەکەت بە پلەو پایەو پرستیج فریات ناکەوێ خانمی لە خۆڕازی!)**

ژنە گەشتیارەکە : تۆ بڵێی کێشەمان بۆ دروست کەن؟!، نیگاکانیان زۆر گورگانە دەرئەکەون و مامەڵەشیان زۆر مرۆڤانە دیار نیە

**( سەرکردەی پاسەوانەکان بە زمانێکی گاڵتەجاڕی ڕودەکاتە پاسەوانەکان)** :

پێویستە بەڕێزان زۆر ئاسوودە بین، وەک دەبینین میوانی زۆر جیاوازگەیشتونەتە دوررخەکەمان، ئەم بۆنە گرنگە پیویستی بە ئاهەنگگێڕانە ، وانیە بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی پاسەوان ؟!**( ڕودەکاتە پاسەوانی تەنیشتی و ئەویش بە سەردانەوانێک ئاماژەی ڕەزامەندی پیشان ئەدات)**

سەرۆکی پاسەوانەکان **( ڕودەکاتەوە ژنە گەشتیارەکە)** : لە شێوازی دانیشتنی شاهانەتان تێدەگەم کە ئێوە گەشتیارن لەم کەنارە؟! ڕاستم کەنەوە گەر هەڵەبم، **( بە گاڵتەجاریەوە )**، پاسەوانەکان بزانن ئەم خانمەو یاوەرەکەی داواکاریان چیە ، لە خواردن ، خواردنەوە،تەنانەت ئامادەکردنی یەختێکی پێنج ئەستێرە بە نێو زەریای دڵڕفێنا بەرەوبەهەشتی پەیماندراو)..**(پاش سەرسوڕمانێکی کەمی هەموان، سەرگەورەی گاردەکان تۆنی قسەکانی بەرەو توڕەبونێک ئەگۆڕێ)**:

هەر ئێستا بیانگەڕێن ئەم کۆچەرە بێنرخانە!، کات بە نرخە ، خێراکەن کارمان هێجگار زۆرە ،

ژنە گەشتیارەکە : دەتوانم بزانم کێ قسەمان لەگەڵ دەکات، ئێوە کێن؟!، ئەگینا ناچارم یاساتان بەرەو ڕوو بکەمەوە!

یاوەری ژنە گەشتیارەکە : خانمە کەم ڕاستی فەرموو، ئێوە پێویستە شوناسی خۆتان ئاشکرا کەن، کێ ناڵێ چەتەی دەریاکان نین!

**(سەرۆکی پاسەوانەکان جارێکی تر تۆنی زمانی ئەگۆڕێت بۆ تەنزئاسا)**:

سەرۆکی پاسەوانەکان : بەڕێزان خۆمانتان پێبناسێنین ، ئێمە پاسەوانەکانی کەنار دەریا لە خزمەت ئێوەدا شەوو ڕۆژمان کردوە بەیەک !**( قا قا لێ ئەدا وپاشان بە شێوەیەکی سەیر شێوازی قسەکردنی ئەگۆڕێ بۆ توڕەبوون و بە دەنگێکی بەرز فەرمان ئەکا !**

پاسەوانەکان هەر ئێستا شتو مەکی ئەم ئەم دوو کۆچەرە بێ بەهایانە بپشکنن!

**( کێشمە کێش لە نێوان ژنە بەناو گەشتیارەکە و پاسەوانەکان دروست ئەبێت کاتێک یەکێک لەە پاسەوانەکان ئەیەوێت جانتاکان بپشکنێت:**

ژنە بەناو گەشتیارەکە : هەرگیز ڕێگا نادەم پۆشاکی تایبەت و خشڵ و مرواریەکان بەرن، ئێوە دڕندەن ..!

سەرۆکی پاسەوانەکان : پاسەوانە بەڕێزەکان مامەڵەتان زۆر بە ئارامی و لە خۆبوردیی و مرۆڤانە بێ لەگەڵ ئەم میوانە تایبەتەمان!

**(بەڵام پاسەوانەکان هێرشە کەیان زیاتر توندتر ئەبێت و لەکۆتایی دەست ئەگرن بەسەر جانتاکاندا)**

ژنە گەشتیارەکە : ئێوەی دڕندە ئەبێت سزای خۆتان وەرئەگرن، دڵنیاتان ئەکەمەوە، لای بەرزترین دەسەڵات لە پشت زەریاکان سکاڵا بەرزکەمەوە! **( لەم کاتەدا پاسەوانەکان خشڵ و پارەو شتومەک کۆدەکەنەوە)**

سەرۆکی پاسەوانەکان : سکاڵاو دەسەڵاتی وڵاتانی ئەو دیو زەریاکان ! **( بە تەوسێکی گاڵتەئامێز )** وادیارە خانم تۆ لە خەیاڵی تەماویبوتدا هۆشمەندیت لەدەستداوە! بیرت وا ئەڕوات کە لەم کەنارگە دوور و وێرانەیەدا هیچ دەسەڵات و لێپرسینەوەیەک هەبێت؟!، نەخێر، نەخێر ، دیارە ئێوە نیگاڵێل کراون، هیچ کەس لێرە پاشا نیە جگە لەم پاسەوانە بەڕێزو ماندوونەناسانە نەبێت، ئێوەش ئێستا هیچ چارەیەکی ترتان نیە جگە لەوەی کە کە گوێڕایەڵ و بەندەی داخوازیەکانمان بن **(فیکەیەک لێئەدات و دەنگ بەرز دەکاتەوە )**:

دەی پاسەوانەکان ئەم دوو کۆچەرە بێبەهایەش وەک ئەوانی تر بەرن بۆ دادگای سەر کەنار**( لەگەڵ ووتنی ئەم وتەیەی سەرۆکی پاسەوانەکان لە ناو شانۆو لە ئامادەکردنێکی خێرادا دادگایەک ساز دەکرێ و ژنە سیما گەشتیارەکەو یاوەرەکەی لە نێو قەفەزی تاوانبار دائەنرێن )**

سەرۆکی پاسەوانەکان وەک دادوەر: **( ڕوویئەکاتە ژنە ڕوخسار گەشتیارەکە )** : ئێوە بە دوو بەندی یاسایی دادگایی دەکرێن ، یەکەم بەندی یەسایی هەوڵ دانتانە بۆ شکانی سنووری نێودەوڵەتی بەمەبەستی پەڕینەوە لە کەنارەوە بۆ وڵاتانی ئەودیو ئۆقیانوس ، دوەم بەندی یاسایی کە کەمتر مەترسیدارتر نیە لە سزادان لە بەندی یەکەم ،هەوڵدانی ئێوەیە بۆ گۆڕینی کەسایەتیتان لە کۆچەرێکی قێزەونەوە بۆ کەسانێکی خاوەن پلە بەرزی کۆمەڵایەتی کە ئەمەش تاوانێکی مەزنە بەرامبەرئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیەی کە بنەماو کۆڵەکەکانی بۆهەزاران ساڵە چەسپیوە و ناگۆڕێت، هەربۆیەکیشە بڕیارمان دا بە سەپاندنی دوو سزا لەجیاتی یەک سزا:

یەکەم سزا ، دوورخستنەوەتان لەم دورخەیە لە پاش لێسەندنی هەموو کەلوپەل و شتومەکتان .

دوەم سزا **( ڕوو ئەکاتە ژنە ڕوخسار گەشتیارەکە)** ، ئاڵوگۆڕکردنی پۆشاکی بەرتان لەگەڵ ئەو خانمە **( لەگەڵ ئاراستەکردنی قسەکانی پەنجەی بۆ خانمە ڕەشپۆشەکە ڕاکێشا کە بەهێمنی دێتە ناو شانۆ و سەری بوکەڵەکەش هێشتا بە ئامێزیەوەیە )..( سزادانەکەی سەرۆکی پاسەوانەکان پێکەنین و قاقای پاسەوانەکانی بەدوادا هات )**

**(پاش سزادانەکە ژنە ڕوخسار گەشتیارەکە لە قەفەزی داد ئەهێننە خوار و پاسەوانەکان بەزۆر جلو بەرگە گرانبەهاکانی لێ ئەسەنن و ئەیدەنە ژنە ڕەشپۆشەکەو لەهەمان کاتدا جلو بەرگە دڕاوو چڵکنەکانی ئەویش لە ژنە ڕوخسار گەشتیارەکە ئەپۆشن!)**

سەرۆکی پاسەوانەکان**( دوای گۆڕینی پۆشاکی دوو کەسەکە)** : تەماشا کەن ئێستا کە هەروەک یاسای سروشت دەخوازێت کارێکی ناپەسەندمان چارەسەر کرد!، پلە نزم چوەوە ئاستی نزمی کۆمەڵایەتی خۆی و پلە باڵاش مافی خۆی وەرگرت!، پێم باشە لە ئێستاوە ئەم بەستەزمانەی کۆرپەکەی لە زەریا لەدەستداوە ناوی لێبنرێت شازادەی زەریا!**( دەکەوێتە قاقا لێدان)** ، **(لەهەمان کاتدا لەگەڵ بردنی ژنە سزادراوو یاوەرەکەی بۆ دەرەوەی شانۆ وەک دوو سزادراو ، پاسەوانەکان لە دواوەی شانۆ دوو کەسی تر، وێنەکێش و ئەندازیارەکە دوای قۆڵبەستکردنیان دەیانهێننە ناو شانۆ)**

سەرۆکی پاسەوانەکان **(دوای بینینی دوو بەندکراوی تر بەدەنگی بەرز قسە دەکات)** : تەماشاکان، ئای ئە مڕۆ چی ڕۆژێکی ئاسوودەیی و خۆشبەختیە !، لە هەموو شوێنێک میوانی تایبەتمان بۆ هاتوە، وانیە پاسەوانە ئازیزەکان، لە پەنابەرد و پشت دار و نێو شەپۆلەکان!

یاریدەدەری سەرۆکی پاسەوانەکان: ئەم دوانەش تایبەتن

سەرۆکی پاسەوانەکان :یاریدەدەر لە چیدا تایبەتن

یاریدەدەر :بەڕێز سەرۆکی پاسەوانەکان گەر تەماشا بکەن **( پلەیتی وێنەکێشانی وێنەکێش و ئامێری ڕوپێوی ئەندازیاری پیشانی سەرۆکی پاسەوانەکان ئەدات)**

سەرۆکی پاسەوانەکان : کۆچەری بەهرەمەند!، وێنەکێش و ئەندازیار! چی هەلێکی تایبەت ئەم دوو دەستڕەنگینەی گەیاندوەتە ئەم کەنارە! من خۆم هەر لە منداڵیەوە زۆر خولیای وێنەکێشانم بوو، باوکم هەمیشە ئەیوت ئەگەر تۆزێک زیاتر

پەنچەکانم لە ڕەنگ و تابلۆکان بنەخشانایە دوور نەبوو ئێستا وەک ڤان کوخ و بیکاسۆوڕێنوار و مۆنێ مەزن وناوبانگ نەبومایە!

یارەدەدەری سەرۆکی پاسەوانەکان: هیچ دودڵیەکم لەو ڕاستیە نیە سەرۆک

سەرۆکی پاسەوانەکان : هەر ئەوندەنا یاریدەدەر، لێهاتوویی و بەهرەمەندی من سنووری نیە، تەنانەت خولیاشم بۆ ئەندازیاری هەبوو، هەمیشە خەیاڵی فراوانم ئەچوە سەر شێوازی ئاڵۆز و پڕ ڕیتم و هارمۆنیای باڵەخانە مەزنەکان، گەر ژیان هەلی تری پێبیبەخشیمایە ئێستا زۆر لە باڵەخانە مەزنەکانی وڵات جێپەنجەی منی لەسەر بوو!

یاریدەدەر:گەورەم هەڵبەت چارەنووس وایباش زانیوە سەرۆکی پاسەوانەکان بیت چونکە بلیمەتی ولێهاتویتان لە پیشەکەتان وەک دیواری پۆڵاین ڕێگرە لە لێشاوی کۆچەران کە وەک ڕەوە کولە مەترسین بۆ خێرو بەرەکەتی وڵات

سەرۆکی پاسەوانەکان : ئافەرین یاریدەدەر، با بێینەوە سەر بابەتی هونەرو ئەندازیاری ، ( **ڕووئەکاتە دوو دیلکراوەکە وێنەکێش و ئەندازیار**)، ئێ بەڕێزان، گەر هەڵەم ڕاستم بکەنەوە ، من هیچ پەیوەندیەک نابینم لە نێوان کۆچبەریبوون وئەفسوونی هونەری وێنەکێشان و دروستکردنی باڵەخانەی قەشەنگ بە شێوازی ئەندازیاری، وانیە یاریدەدەر؟، تۆ هیچ پەیوەندیەک لە نێوان هەڵهاتن و بەهرەمەندی ئەبینی؟!

وێنەکێشەکە : بۆ نا ؟ مەگەر زۆرێک لە هونەرمەندە مەزنەکان سنووره دورەکانیان نەبڕیوە بۆ گەشەپێدانی بەهرەو تواناکانیان؟!

سەرۆکی پاسەوانەکان : لێرەدا هاوڕات ئەبم وێنەکێش، ( **دەست ئەبات بۆ پلەیتی وێنەکێشان**) چەند قەشەنگ و سەرنجڕاکێشە! تۆش بەڕێزی ئەندازیار هاوڕایت، وانیە؟! ( **ئامێری ڕوپێوەکەش لەو وەردەگرێت** ) ئەمەش هەر شتێکی نایاب و عەنتیکەیە ! ( **بەڵام جارێکی ترتۆنی قسەکانی ئەگۆڕێ بە هەڵچون و توڕەبونەوە قسە دەکات**) : بەڵام وێنەکێش ئەو کەسە بلیمەتانەی تۆ باسی دەکەیت کۆچەری یاساغ و مرۆڤی بێبەهای بێنیشتمانی وەک ئێوە نین!

وێنەکێش :بەهای مرۆڤەکان لەبەهرەیدایە، نەک لە شوێنی لەدایک بوون بەڕێز سەرۆکی پاسەوانەکان

سەرۆکی پاسەوانەکان : ئەها! بەهای مرۆڤ!، پێم وابێ بەهاکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاڵ و کاڵتر ئەبنەوە ، وانیە یاریدەدەری ئازیز ؟!( **پرسیارەکە لە یاریدەدەری سەرۆکی پاسەوانەکان دەکات**) :

یاریدەدەر ، ئەو ڕاستیە ئابروبەرە بەو دوو کۆچەرە ڕابگەیەنە کە لە کەنار زەریا ڕۆژان و شەوان چی ئەگوزەرێ کاتێک چەندین بەهرەمەند لە وێنەکێش ، مۆسیقاژەن، ئەکتەر، پەیکەرتاش ، تەنانەت پرۆفیسۆری مێژووی مرۆڤایەتی و فەیلەسووفی زانستە شاراوەکانی گەردونیش هەن! (**ڤاقا لێئەدات و ڕوئەکاتە وێنەکێش**) ئەزانی وێنەکێش چارەنوسیان چی لێدێت؟! پێی بڵێ یاریدەدەر ( **خۆی وەڵآم دەداتەوە** ) : هەندێکیان لە شەوە ئەنگوستەچاوەکانا، کاتێ تۆفان و گەردەلوول بەلەمە سادەکانیان تێکدەشکێنێ، جەستەی بێکەڵکیان دەبنە خۆراکی ماسیەکان، یاخود گەر چانسی ژیانیان مابێ، وەک بونەوەری تێکشکاو ، لە وڵاتی سارد و تەزیوی ئەودیو ئۆقیانوسەکان، ئەبنە خزمەتکارێکی بەڕێز، بەڵێ خزمەتکار یان کۆیلەی مۆدێرن لە نێو ماشینە زەبەلاحە ئاڵۆزەکان، تەنیاو نامۆ بە سەرگەردانی ئەگەڕێن بە نێو هەموو مەزنایەتی شارستانیەک کە قورسە بۆ هۆشمەندی سادەو ساکاری ئەوان کە تێبیگات، ئیتر هەر ئەمەشە چارەنوسی ئێوەی هونەرمەند و ئەندازیار بەدوای بەهەشتی پەیماندراو ( **قسەکانی ئاراستەی پاسەوانەکان دەکات** ): هەرئێستا با پرۆسەی دادگایی ئەم کۆچەرە بێبەهایانەش دەست پێ بکات!

ئەندازیار: دادگا؟! مەگەر ئەبێت تاوانێک هەبێت!

سەرۆکی پاسەوانەکان : مەگەر شکانی سنور بە ویستێکی شێتانە و بەمەبەستی پەڕینەوە بەرەو ئەودیو زەریاکان تاوان نیە ؟!

( جێگری سەرۆکی پاسەوانەکان ) : هیچ چارەیەکی ترتان نیە جگە لەڕازی بوونتان بە داواکاریەکانمان

وێنەکێش: ئەی ئەگەر ڕازی نەبین بە داواکاریەکەتان؟

سەرۆکی پاسەوانەکان : زیندانیکردن

وێنەکێش: ئەی ڕێگەی دوەم

سەرۆکی پاسەوانەکان : ئەها! هونەرمەندان کەسانی هۆشمەندن، مێشکیان باش کار دەکات ، ڕێگەی دوەم ، واتە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی پێویستە بەجێی بهێنن

وێنەکێش : وەک ..؟

سەرۆکی پاسەوانەکان : ئارام بگرە وێنەکێش، هەڵبەت هەر یەکێک لە ئێوە ئەرکی جاوازتری پێئەسپێردرێت ، لە بیرتان بێت هەر هەڵەیەک یان کەمتەرخەمیەک لە بەجێهێنانی ئەرکی ڕاسپێراو سزاکەتان قورستر ئەکات

ئەندازیار : من ڕازیم

سەرۆکی پاسەوانەکان : ئەی تۆ جەنابی هوێنەکێش؟ ( **ئەندازیارەکە ئەچرپێنێ بە گوێی وێنەکێشدا تاوەکو ڕازی بێت بە مەرجەکە)**

وێنەکێش :لەنەمانی هیچ ئەڵتەرناتیڤێک منیش ئامادەم

سەرۆکی پاسەوانەکان : زۆر باشە ، هەر دوو ئەرکەکەتان نمایشکردنە

ئەندازیار : نمایش کردن؟!

سەرۆکی پاسەوانەکان : بەڵێ، بەڵام نمایشکردنێکی تایبەت

وێنەکێش : وەکو چی ؟!

سەرۆکی پاسەوانەکان : نمایشکردنی ڕۆڵی سەرۆکی پاسەوانەکان

ئەندازیار : واتە نمایشکردنی ڕۆڵی خۆت؟

سەرۆکی پاسەوانەکان: بەڵێ نمایشکردنی ڕۆڵی من!

وێنەکێش : چۆن شتی وائەبێت کاتێک خۆت لێرە ئامادەیت !

سەرۆکی پاسەوانەکان : ئارامبگرە وێنەکێش، نمایشی داواکراو ڕۆڵبینینی دادوەرە لە دادگایەکی تەواو ڕەواو یاسایی لەم دورخەیە، هەر ئێستا ئامادەسازی دادگا لە تێکستی نمایش ودادگا بۆتان ئامادە ئەکرێت! **( قسەکانی ئاراستەی پاسەوانەکان دەکات** : )

سەرۆکی پاسەوانەکان : دەی پاسەوانەکان ئەرکی خۆتان جێبەجێ بکەن بە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی سەرۆکی نوێی پاسەوانەکان (**سەرۆکی پاسەوانەکان چاکەتی سەربازی بە پلەی سەربازی ئەداتە ئەندازیارەکە و پاسەوانەکان نوسراوێکی ئەدەنێ ، سەرۆکی پاسەوانەکان فەرمانیش ئەکات کە کۆلۆنیل و یاوەرەکەشی بهێنرێنە ناو دادگا سازکراوەکە!)**

ئەندازیار:( **قسەکانی ئاراستەی وێنەکێش ئەکات)** : هەرچیەک بێت من ئامادەم ئەنجامی بدەم بە مەرجی ئازادبوون و پاشان دەربازبوون

وێنەکێش : ئازادبوون و پاشان دەربازبوون!، باوەڕ ناکەم ئەندازیاری ئازیز! دڵنیام ئەم یاریە شەیتانیەی سەرۆکی پاسەوانەکان لەسەرەتاوە یاریەکی دۆڕاوە بۆ ئێمەو تەنها ئەوان براوەن

ئەندازیار: ئارامبگرە وێنەکێش ، ئەم یاریە گەر بێهودەش بێ، دەلاقەیەکی تر بەدەر لە چارەنوسی داخراومان لەم کەنارە نەفرەتیە ئەکاتەوە ، واتە لە نەبوونی هیچ ڕێگایەکی تر، نمایشەکە هەرچۆنێک بێت ئامادەم، **(پاشان قسەکانی ئاراستەی سەۆکی پاسەوانەکان ئەکات)** : من ئامادەم بە نمایشکردنی ئەو ڕۆڵەی دیاری کراوە

سەرۆکی گاردەکان: زۆر باشە ئەندازیار ، با بزانین وێنەکێش چی بڕیارێک ئەدات

وێنەکێش: دوای نمایشکردن جگە لەدەربازبوون ئامادەی هیچ سازشێکی تر نیم

سەرۆکی پاسەوانەکان : زۆ باش گوێبگرە وێنەکێش!ئێستا تۆ لە نێوان لەدەستدانی ئازادی و لەدەستدانی گیانیشتدایت، ئەوە تۆ نیت مەرج دیاریبکەیت ، بەڵکو تەنهاو تەنها ئەبێت مەرجی ئێمەت پێقبوڵ بێت **( لەو کاتەدا پاسەوانەکان هەمان سروتی ئامادەکردنی سێدارە دوبارە دەکەنەوە کە پێشتر بۆ کۆلۆنێل و یاوەرەکەی سازکرابوو)**

جێگری سەرۆک پاسەوانەکان ( **قسەکانی ئاراستەی وێنەکێش و ئەندازیار ئەکات** ): واتە هیچ چارەیەکی ترتان نیە جگە لە نمایشکردن بە ئارەزووی سەرۆکی پاسەوانەکان

سەرۆکی پاسەوانەکان: مەرجێکی تریش پێش نمایشکرنتان

ئەندازیار : کام مەرج؟

جێگری سەرۆک پاسەوانەکان :هەر چی ڕێنماییەک هەیە لە لەم نوسراوەدا پێشوەختە ئەیخوێننەوە بۆ ڕۆلبینینتان، پێویستە پڕاوپڕئەم ڕێنماییانە جێبەجێ بکەن

وێنەکێش : واتە ڕۆڵبینین و نمایشکردن بە هیچ جۆرێک کارێکی ئازادانە نیە،

سەرۆکی پاسەوانەکان : بەڵێ و نەخێر

ئەندازیار : چۆن

سەرۆکی پاسەوانەکان : مەگەر ئێوە نازانن نمایش کردن خۆی هەم ئازادیە لە شێوازی دەربڕینی شوناس و بوونایەتی جیاواز لە ساتەوەختێکی تایبەتدا، و هەم سنووردارکردنی ئەو بوون و شوناسەشە بە پێوەرو هۆکارو بارودۆخی دیاریکراو؟ ئێوە خۆشبەختن کە ئازادیتان هەیە لە نمایشکردنی ڕۆڵێک لە شوێن و کاتێکا کە هەرگیز بەبیرتانا نەهاتوەتەوە!، لەهەمان کاتدا پێویستە پەیوەستی ئەو دەقی شانۆییەش بن کە ناچار دەکرێن پڕاو پڕ و بێلادان، نە کەم و نە زیاد، جێبەجێیکەن !( **لەم کاتەدا سەرۆکی پاسەوانەکان فەرمان ئەکات بە پاسەوانەکان کە پۆشاک و پێداویستی نمایشی دادگا بە ئەندازیار بسپێردرێت ،و لە سروتێکا سەرۆکی پاسەوانەکان چاکەتی سەربازی بە هەموو نیشانە و سیمبۆلە تایبەتەکان ئەبەخشێ بە ئەندازیار تاوەکو کەسایەتی سەرۆکی پاسەوانەکان نمایش بکات. پاشان دەقی نوسراوی نمایشکردنەکە لە لایەن یاریدەدەری سەرۆکی پاسەوانەکان بەهەمان شێوە پێشکەشی ئەندازیار دەکرێت تاوەکو ڕۆڵی داواکراو ببینێت ، هەروەها لە نێو شانۆدا کورسی و پێداویستی دادگا ساز دەکرێت)**

**(لە نێودادگا سازکراوەکەدا ئەندازیار وەک دادوەر لە شوێنی دیاریکراو ئەوەستێت و لە نێو شانۆوە پاسەوانەکان دوو کارەکتەری کۆلۆنێل و یاوەرەکەی دەهێننە ناو دادگاکە ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هاتنەژورەوەی ٢ کارەکتەری ترە کە بە شێوازی پۆشەکی بەریان و شتومۆکی دەستیان لە ڕۆژمانە نوس دەچن)**

(**ئەندازیار ڕوو دەکاتە سەرۆکی پاسەوانەکان** ): بەڕێز سەرۆکی پاسەوان نمایشەکەمان تەنها بیبینینی ڕۆڵی دادوەرە بەرامبەر دوو کۆچەر ، بەڵام پێویستیم بە ڕونکردنەوەیە بۆ هۆکاری هاتنی ئەو دوو ڕۆژنامە نوسە بۆ نێو دادگا

سەرۆکی پاسەوانەکان: هیچ پەلە مەکە لە بڕیاردان جەنابی ئەندازیار، بوونی ئەم دوو ڕۆژنامەنوسە ش بەشێکە لە ئامانجی دادگاکە

ئەندازیار: تێناگەم

سەرۆکی پاسەوانەکان: ببینە، لێرەدا پلانەکە ئەوەیە نمایشێک بە هاوبەشی ئێوەی کۆچەر و ئێمەی پارێزەری یاسا لە بەرچاوی چاوەکانی جیهانی دەرەوە ئەنجام بدرێت

ئەندازیار: واتە....؟

سەرۆکی پاسەوانەکان: ببینە ئەندازیار، کێشمەکێشی نێوان یاساپارێز و یاساشکێنەران سەدان ساڵە بەردەوامە، لە کۆتاییدا زۆر لەو کێشمەکێشانە لە ژورە تاریکەکانا ئاراستەیان ئەگۆڕێت بۆ ئامانجی دوور و نزیکی بەشێکی گرنگی ئەو کەسە خاوەن دەسەڵاتانەی کە دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستە.

ئەندازیار :ئەم کێشمەکێشە چی پەیوەندیەکی بە م نمایشکردنەی ئێستاوە هەیە؟

سەرۆکی پاسەوانەکان : بەڵکو پەیوەندیەکی هێجگار زۆر، بەتایبەتی ئەگەر لە ووردەکاری کێشمەکێش و ڕکابەری بەشە جیاجیاکانی پەیکەری دەسەڵاتی وڵات ئاگاداربیت، بۆ نمونە باڵادەستی یاسا لە ڕێگری و کەمکردنەوەی لێشاوی کۆچەران هەرچۆن دابینکردنی ئارامیە بۆ هاوڵاتیە ئازیزەکان ، ئاواش بە مانای چەندەها جار زیاکردنی سامان و دەسەڵاتە بۆ پارێزەرانی سنوور، هەربۆیەکیشە بۆ بەردەوامبوونی زیادکردنی ئەو سامانە هەم پێویستمان بە هاتن و پاشان سنوردارکرنی کۆچەرە!! ، هەم لەهەمان کاتدا پێویستی هەبوونی ئەو چاواناش( **ڕووئەکاتە دوو ڕۆژنامەنەوسەکە کە لەسەر کورسیەکانی دادگا دروستکراوەکە دانیشتون و چاوەڕێی دەسپێکردنی پرۆسەی دادگا دەکەن**) کە بەدیوێکا ڕۆڵی قارەمانانەی پاسەوانەکانی

کەنار دەریاکان لە ڕێگری هاتنە ژورەوەی کۆچەری نایاسایی بۆ گەل و نیشتمان پیشان ئەدەن ، بەدیوێکی ترا پیشاندانی لایەنی مرۆڤدۆستی سنوورپارێزان لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ کۆچەران بۆ جیهانی دەرەوە.

ئەندازیار( لە ژێر لێوەوە ئەو وتانە ئەدرکێنێ) : ئای ڕێوی زۆرزان نمایشێک هەم بۆ دەستکەوتنی زیاتری پارە و دەسەڵات هەم فریودانی گەل لە ناوەوەی وڵات ( پاشان قسەکانی ئاراستەی سەرۆکی پاسەوانەکان ئەکات):

کەواتە نمایشەکە تەنها سنووردارنیە بەم شوێنەوە؟

سەرۆکی پاسەوانەکان :نەخێر ئەندازیار ئەمە گەمە نیە بەڵکو کارێکی پێویستە بۆ ئەو هۆکارانەی باسم کرد ، گەر وورد لە پرۆسەکە بڕوانیت هەموو مەرج و پێداویستیە گرنگەکانی دادگا لە خۆ ئەگرێت لە پرۆسەی یاسایی و پارێزەران و تەنانەت چاوی ڕۆژنامەنوسان

(سەرۆکی پاسەوانەکان فەرمان دەکات کۆچەرە زیندانی کراوەکان بهێنن ، واتە کۆلۆنێل و یاوەرەکەی و ژنە ڕەشپۆشەکە، بەڵام لە گەڵ هاتنە ژورەوەی شانۆ و بینینی کۆچەرێک لە سەر کورسی دادوەر، کۆلۆنێل نارەزایی دەرئەبڕێت):

کۆلۆنێل: بەڕێز سەرۆکی پاسەوانەکان ئەم دادوەرە ساختەیە من دەیناسم، ئەو کۆچەرێکە هەر وەک ئێمەی کۆچەر

سەرۆکی پاسەوانەکان : بەو دەسەڵاتەی کە بە من بەخشراوە وەک بەرزترین دەسەڵات لەم کەناردەریایە، بڕیارم داوە کە کە ئەوەی لەسەر کورسی دادوەر دانیشتوە ببێتە دادوەری کەیسی نایاساغبوونی بوونی ئێوەیە لەم کەنارگەیە

کۆلۆنێل: من تێناگەم ئەگەر باس باسی یاسساغبوونە ئەویش وەک ئێمە یاساغە

سەرۆکی پاسەوانەکان: نە خێرئێوە هەڵەن کۆلۆنێل ، ئێستا ئەو بەفەرمانی یاسا نوێنەری یاسایە

( لەم کاتەدا جێگری سەرۆکی پاسەوانەکان بە توڕەیی فەرمان ئەکا) : هەموان شوێنی خۆتان بگرن لە نێو هۆڵی دادگا

( یاوەری کۆلۆنێل بە بە گوێی کۆلۆنێل ئەچرپێنێ ):من لەم یاریە باش تێناگەم

دادوەر (ئەندازیار) : ناوی سیانیتان و تەمەن و هۆکاری هاتنتان بۆ ئەم کەنارە؟

کۆلۆنێل: ناوی ئێمە لە سەرەتاوە زانراوە بەڕێزی دادوەر ، پاشان هۆکاریش ڕوونە ، من و یاوەری هاوڕێم بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی باشتر گەیشتوینەتە ئەم کەنارە

دادوەر (ئەندازیار) : باشتر ڕونی بکەرەوە هۆکاری هاتنتان

کۆلۆنێل: مەگەر ئێوە خۆشتان وەک کۆچەر نازانن هۆکاری هاتنی بەلێشاوی کۆچەران بۆ کەنارچیە؟ هۆکارزۆرە بەڕێز کۆچەری دادوەر!، برسێتی و جەنگ، بە دۆزەخکردنی نیشتمان ، پیشاندانی تەمتومانی بەهەشتی وون لە پشت ئۆقیانوسەکان.

جێگری سەرۆکی گاردەکان : جارێکی تر سوکایەتی کردن بە دادگا مافی قسە کردنت لێدەسێنرێت

کۆلۆنێل : بەڕێز دادوەر من و یاوەری هاوڕێم تێناگەین لە هۆکاری گۆڕینی شوناسی ئێوە ولە بەردەوامی ئەم شانۆیەش، ئەگەر بڕیارە ئازاد بکرێین با ئازاد بین و ئەگەر سزاشمان ئەدەن با سزاکان دەرکردنمان بێت بەرەو ئەو شوێنەی مەبەستمانەو بەڵێن بێت هەرگیزجارێکی تر ڕوخسارمان لەم کەنارە نەبیننەوە

دادوەر (ئەندازیار) (تەماشای سکرپیتەکە دەکاتەوە ) کەواتە ئێوە تا ئێستا دان بەوەدا نانێن کە تاوانێکی گەورەتان کردوە

کۆلۆنێل : نەخێر ، مەگەر هەڵهاتن لە مەرگ و گەڕان بەدوای ژیانێکی باشترئەبێ تاوانبێ؟!

دادوەر (ئەندازیار) (تەماشای سکرپیتەکە دەکاتەوە ): ژیانێکی باشتر بۆ ئێوەی دەرچوو لە یاسا تەنها زیندانە

یاوەری کۆلۆنێل( دەسپێشکەری قسەکردن ئەکات) : من ئامادەم کە هەموو ڕاستیەکان بڵێم بە پێچەوانەی قسەکانی کۆلۆنێل

دادوەر (ئەندازیار) (تەماشای سکرپیتەکە دەکاتەوە ): بیڵێ

کۆلۆنێل( توڕەیە لە دانپێدانانی یاوەرەکەی ) : ئەی بەدکار ئەم ناپاکیەشت کرد، چاوەڕوانی خەنجەری ژەهراویت نەبووم لە پشتم بدەیت، ئای مرۆڤی چاوچنۆک و ناپاک

یاوەری کۆلۆنێل : ببورە کۆلۆنێلی ئازیز ، لێرەدا من جێتدەهێڵم،

سەرۆکی پاسەوانەکان : گوێ مەدە بە قسەکانی کۆلۆنێل،

دادوەر (ئەندازیار) (**تەماشای سکریپتەکە دەکات و ڕوئەکاتە یاوەری کۆلۆنێل** ) : واتە تۆ ئامادەیت بۆ دانپیانان بە کاری نایاساغبوونتان لەم کەنارە ، هەروەها ئامادەی بە دانپیانان کە کۆلۆنێلیش هاوبەش بوە لە کاری یاساغبوون بە هاتنە نێو کەنار؟

یاوەری کۆلۆنێل : بەڵێ، بەڵام گەورەم ئەو دانپیادانە ئەبێت پاداشتی خۆی وەرگرێت

دادوەر (ئەندازیار(**تەماشای سکریپتەکە دەکات**) :ئەوەیان یاسا یەکلایی دەکاتەوە

(**کۆلۆنێل تەماشای یاوەر دەکات** ):

گەمژە ئەوەی ئێستا کردت سەری خۆشتی خوارد

(**لەم کاتەدا دادوەر سکریپتەکە دەخوێنێتەوە**):

بە بریاری دادگا تاوانباران سزای زیندانی و ناردنیان بۆ نشینگەی زۆرەملی بۆ ماوەی ٢ ساڵ

سەرۆکی پاسەوانەکان : دەی خێراکەن پاسەوانەکان ئەم دوو کۆچەرە یاساغە بەرن تاوەکو سزای شایستەی خۆیان وەرگرن .

( **لەم کاتەدا یاوەر هاوار دەکات بەرەو ئاراستەی سەرۆکی پاسەوانەکان**):

گەورەم جەنابی سەرۆکی پاسەوانەکان خۆ من کۆمەکی یاسام کرد، ڕاستیەکەم ووت، تەنانەت بە تاوانبارکردنی کۆلۆنێل، ئەمە چۆن یاسایەکە؟!

سەرۆکی پاسەوانەکان : بەڵێ یاوەر ووتنی ڕاستەیەکە لە لایەن تووە سەلماندن و شایستەبوونی بەجێهێنانی سزایەکی ڕەوایە بەرامبەر یاساغ بوونی هەردوکتان ، دادپەروەری ئێمە هیچ ناڕاستی و هەڵەیەکی تێدانیە

کۆلۆنێل:ئەم ناپاکیەتم هەرگیز لەبیر ناچێت

یاوەری کۆلۆنێل : گەورەم بەزەییەک بە بەندەی خزمەتکارتان

سەرۆکی پاسەوانەکان : (**قسەکانی ئاراستەی پاسەوانەکان دەکات**) : بیانبەن بە خێرایی بەرەو زیندان، ( **ڕوونەکاتە یاوەری کۆلۆنێل**) تۆیەک ناپاکیت لە گەورەی خۆت کرد شایستەی سزای گەورەتریت!

(**کۆلۆنێل و یاوەرەکەی ئەبرێن و ئەندازیار بە بەرگی دادوەرەوە دێتە خوار** )

سەرۆکی پاسەوانەکان( **قسەکانی ئاراستەی ئەندازیار ئەکا**) : ئازیزم داوەر ئێستا پێویستە بەرگی پیرۆزی یاسا لە بەرتا نەمێنێت

(**دوو پاسەوان بەرگی دادوەری لە دادوەر ئەسێننەوە و ئەندازیار بە بێ بەرگی دادوەری هەنگاو ئەنێ بۆ دەرەوەی دانیشتنی دادگا و لەو کاتەدا دوو پاسەوان ئەملاو ئەولای دەگرن و ئەویش بە سەرسورمانەوە تەماشای سەرۆکی پاسەوانەکان ئەکات**)

سەرۆکی پاسەوانەکان : سەرت نەسوڕمێ ئەندازیاری ئازیز کاری ئێوە لەدوای داماڵینی بەرگی دادوەری تەواو بوو !

ئەندازیار: واتە...؟

سەرۆکی پاسەوانەکان: زۆر بە ڕوونی پێت بڵێم کە ئێستا شوناسی تۆ گەڕایەوە بۆ کەسایەتی پێشتر واتە کۆچەرێکی نایاسیی ویاساغ

ئەندازیار : بەڵام من پێش چەند خولەکێک پارێزەری ئەو یاسایە بووم کە خۆتان دەسەڵاتان پێبەخشیم سەرۆکی پاسەوانەکان

سەرۆکی پاسەوانەکان : هەڵبەت رۆڵ و نمایشتان بەرز ئەنرخێنم پارێزەری ئازیز ، بەڵام شوناسی ئێوە ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ شوناسی پێشترت کە کۆچەرێکی بێ بەهایە!( **بە دەنگی بەرز فەرمان دەرئەکا!**):

ئەم کۆچەرە یاساغەش بەرن بۆ لای دو کۆچەرە تاوانبارکراوەکانی تر بە تاوانی شکانی یاسای سنوور

ئەندازیار :ئەمە چی دادوەریەکە

سەرۆکی پاسەوانەکان( **فەرمان ئەکا بۆ پاسەوانەکان)**: خێرا بیبەن( **پاسەوانەکان ئەندازیار قۆڵبەست دەکەن و دەیبەنە دەرەوەی شانۆ)**

**(سەرۆکی پاسەوانەکان لە وێنەکێش نزیک دەبێتەوە و قسەکانی ئاراستە ئەکات):**

هیوادارم وێنەکێشی بەڕێز پەشیمان نەبوبێتەوە لە بەجێهێنانی نمایشی تایبەت بە خۆیان

وێنەکێش :دڵنیام هەر شێوە نمایشێک بە پێوەرو یاساکانی ئەم دورخەیە بێت یاریەکی دۆڕاوە جەنابی سەرۆکی پاسەوانەکان

سەرۆکی پاسەوانەکان :بە پێچەوانەوە بەڕێزی وێنەکێش گەر مێشک و چاوتان بکەنەوە بۆ داواکاریە ڕەواکانمان

وێنەکێش :چی دڵنیاییەک هەیە کە کۆتایی بەندەش هەمان چارەنوسی کۆچەرەکانی تر نابێت!؟

سەرۆکی پاسەوانەکان :ئەوەیان پەیوەستە بە ڕادەی بەجێهێنانی نمایش بە شوناسی خۆتانەوە

وێنەکێش :تێناگەم

سەرۆکی پاسەوانەکان : ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە تەنها و تەنها وەک وێنەکێشێک ، واتە بە شوناسی وێنەکێشی خۆتەوە داواکاریمان جێبەجێبکەن

وێنەکێش :ئەتوانم بزانم داواکاریتان؟

سەرۆکی پاسەوانەکان : هەر ئێستا ..( **فەرمان ئەکا پاسەوانەکان پلەیت وکەل و پەلی وێنەکێشان پێشکەشی وێنەکێش بکەنەوە)**

وێنەکێش :ئەتوانم بزانم ئامانج لە م بەخشندەییە چیە؟!

سەرۆکی پاسەوانەکان :هەر ئێستا ( **بەڕێزان پاسەوانەکان کورسی دادوەر بهێنن** )

**(پاسەوانەکان کورسی دادوەر کە پێشتر ئەندازیار وەک دادوەر بڕیاری لێوە دەرکرد دەهێننە بەردەم سەرۆکی پاسەوانەکان ، لەهەمان کاتدا وێنەکێش بەسەرسوڕمانەوە تەماشا دەکات کە سەرۆکی پاسەوانەکان قاچی ڕاستی بە پۆستاڵی سەربازی لەسەرکورسیەکە دائەنێ و وەک دیمەنێک کە ئاماژەیە بۆ بوغرایی و لووتبەرزی و دەسەڵاتی ڕەها)**

وێنەکێش : تێناگەم بەڕێز سەرۆکی پاسەوانەکان لەم شێوازی وەستانەی ئێوە لەسەر ئەو کورسیە

سەرۆکی پاسەوانەکان :ئاسانە وێنەکێش تەنها شتی داواکراو کێشانی وێنەیەکی پڕاو پڕ بەشکۆی کەسایەتی بەرامبەرت وەستاوە

وێنەکێش :هەرگیز پەنجە هونەریەکانم ئامادە نین وێنای شکۆیەکی ساختەو قێزەون و دڕندەی دەسەڵات بنەخشێنێتە سەر تابلۆ

سەرۆکی پاسەوانەکان :بە دڵنیایی ڕاتان ئەگۆڕن گەر بزانن چی سزایەک چاوەڕوانتانە لە ڕەتکردنەوەی داواکاریەکمان

وێنەکێش : سزای وەک چۆن؟!

سەرۆکی پاسەوانەکان :بەو دەسەڵاتە ڕەهایەی لەم کەنارە دوورەپەرێزە بۆ ئێمەی پاسەوانانی ئەم کەنارە فەراهەم کراوە سزای ئێوە چەندین هێندە زیاترئەکرێت لە کۆچەرەکانی تری هاوڕێت!

وێنەکێش :بە مانایەکی تر...

سەرۆکی پاسەوانەکان :واتە هیچ چارەیەکی ترتان نیە وێنەکێشی ئازیز تەنها وێنەکێشانی بەشکۆی ئەم فیگورە مەزنەی بەرامبەرت وەستاوە

**(وێنەکێش وەک ئاماژەیەک بۆ بێهیوایی و بێهودەیی هانا بۆ کەلو پەلی وێنەکێشان دەبات و خۆی سەرقاڵدەکات بە وێنەکێشانی سەرۆکی پاسەوانەکان ( لە هەمان کاتدا لە چواردەوری شانۆ ڕوناکی و تیشکی هونەری وێنای هاتنی کەشتی کۆچبەر وەک تارمایی و سێبەری خەیاڵی بە چواردەورا پیشان ئەدرێت و دەنگ و سەداو هاواری کۆچبەری منداڵ و ئافرەت و لاو لەگەڵ هاژەی زەریاو گرمەو تەقینی بروسکەو تریشقەو تۆفان بەرز ئەبێتەوە. پاش ئەو نمایشی وێنا خەیاڵی و ئەفسوناویانەی چواردەوری شانۆ، وێنەکێش لە نەخشاندنی فیگۆری سەرۆکی پاسەوانەکان لەسەر تابلۆی بەردەمی تەواو ئەبێت، و سەرۆکی پاسەوانەکان داوا ئەکات کە تابلۆی تەواو بووی پیشان بدرێت، یاوەری سەرۆکی پاسەوانەکان تابلۆکە وەر ئەگرێت و تەماشای ئەکات و نیشانەی سەرسوڕمان لە ڕوخساری ئەبینرێ)**

**( سەرۆکی پاسەوانەکان بە وتەیەکی تەنز ئامێز ڕووئەکاتە وێنەکێش)** :
هونەرمەندی ئازیز ، پێش ئەوەی هەمان ڕێگەی هاوڕیکانت بەرەو زیندان بگریت وەک کۆچەرێکی یاساغ ، ڕێگەم بدە سوپاسێکی تایبەتت بکەم بۆ کێشانی وێنەی مەزنترین وبەشکۆترین سەرۆکی پاسەوانەکانی ئەم وێستگەیە! **( پێکەنین بە دەنگی بەرز)**

وێنەکێش: زۆر دڵنیابووم لە چارەنوسی خۆم بەرەو زیندان، بەڵام دڵنیابە سەرۆکی پاسەوانەکان ئەو قاقا و پێکەنینەتان چەند چرکەیەکی تر ئەبێتە ساتەوەختی تێکشکانی دەرونی و بەدبەختی ئێوە

جێگری سەرۆک پاسەوانەکان : گەورەم پێویست ناکات بە هیچ شیوەیەک تەماشای ئەم وێنەیە بکرێت ، بەڵکو باشترە لە ناوببرێت **( هەوڵ ئەدات تابلۆکە بدڕێنێ )**

سەرۆکی گاردەکان: هەرگیزنابێت کاری وەها بکرێت بەڕێزیاوەر، بێگومان گەر وێنەکەش شکۆی منی وەک پێویست نەنەخشاندبێ ئەوا بەدڵنیایی پێشوەختە سزای بۆ تەرخانکراوە!!**( قاقا لێئەدا و نزیک ئەبێتەوە لە جێگری سەرۆکی پاسەوانەکان تاوەکو تابلۆی بەردەستی تەماشا بکات)**

سەرۆکی پاسەوانەکان **( بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە تەماشای تابلۆکە دەکات)**: ئەی بەدنەفرەت چی شتێکی بێماناو و شێواوت بە پەنجە نەفرەتیەکانت کێشاوە؟ **( تابلۆکە بەرز ئەکاتەوە ، ئەوەی دەرئەکەوێت وێنەی سەرۆکی پاسەوانەکان نیە ، بەڵکو وێنەی تاکێک پۆستاڵی مەزنە لەسەر کورسی دادگا دانراوە)**

وێنەکێش: ئەوەی ئەیبینی سەرۆکی پاسەوان وێنەیەکی پڕاو پڕی شکۆی دڕندەو یاسای ناقۆڵاو دادوەری ساختەی ئێوەیە

**( وێنەکێش پەلکێش ئەکرێ وپاسەوانەکانیش دیار نامێنن و تابلۆکەش لەگەڵ خۆیان ئەبەن)**

# ( وێنەی یەکەم پێش کۆتایی )

**(دیمەنەکە وێنای نۆرینگەی پزیشکی دەروونیە کە تێیدا ژنە ڕەشپۆشەکە لەسەر قەڵەوێرەیەک ڕاکشاوە و لە چواردەوریشی پزیشکێک و دووو یاریدەدەری پزیشکی)**

پزیشک (بەرامبەر ژنە ڕەشپۆشەکە وەستاوە) : تۆی کۆچەر ڕەنگە هەمو ئەو شتانەی بینیبێتت تەنها وێنەی جۆراوجۆری شێواوو تێکەڵاو بێت کە بەهەر هۆکارێکی دەروونی ، بۆ نموونە ترۆمای جەنگ ، نقومبوونی کەشتیەک یاخود لەدەستدانی کۆرپەکەت ، لە خەیاڵی تۆدا چەسپیوەو و هیچ پەیوەندیەکی بە شتێکی ڕاستەقینەوە نیە کە ئێستا بوونی ئەبێت!، گەر گریمانەیەکیش هەبێت کە ڕویدابێت، دەبێت باوەڕبەخۆت بهێنیت کە ئەوەی ڕویداوە شتێکی ڕاستەقینە نەبوە !، بەڵکو خەونێکی ناخۆش ، کابوسێکی وەرسکەری چەند ساتێک بوەو لێی بەئاگاهاتویت!

**(ژنە ڕەشپۆشەکە سەری بوکەشوشەکە پیشان ئەدات و پزیشکەکەش سەری بوکەشوشەکەی لێ وەرئەگرێت و لێی ووردئەبێتەوە و قسەکانی ئاراستەی ژنە ڕەشپۆشەکە دەکات ) :**

پزیشک: ئەمەش ڕوینەداوە، سەیرکە ئەمە سەری بوکە شوشەیە!، لەوانەیە کۆرپەیەک لێرەو لەوێ لە زەریایەکی دوور، زۆر دوور، لە وڵاتانێکی پشت ئۆقیانوسەکان، لە نێو زەریادا ونبوبێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناسەلمێنێ کە ئەو شتە بەڕاستی ڕویداوە!، چونکە شتێک کە ئاسەواری نەمابێت، واتە شتەکەش لە سەرەتاوە بوونی نەبوە! واتە بۆ چارەسەری ئەم خەمۆکی و کابوسە وەرسکەرانە دربارەی کۆرپەیەک کە گریمانەی زۆر هەیە کە هەر نەبوبێت ! تۆ دەتوانیت ئەم شتومەکە وەک یادگاری لای خۆت نەهێڵیت کەبوەتە سەلمێنەری بیرەوەریەکی بە ئازار، بەڵکو باشترە دووری بخەیتەوە و هێواش هێواش بوونی لە مێشکتا نامینێ! **( سەری بوکە شوشەکە فرێ ئەداتە سندوقی پاشماوە و ئەمجارە بە دڵنیاییەکی زۆرترەوە قسەکانی ئاراستەی ژنە ڕەشپۆشەکە ئەکاتەوە)** :

کەواتە لەبەرئەوەی شتەکان لە مێشکی خۆتدایە، کەواتە هەر خۆشت ئەتوانیت مێشکت پاک بکەیتەوە **( پاکەتێک دەرمان لە گیرفانی چاکەتە پزیشکیەکەی دەرئەهێنێ و پیشانی سێ یاریدەرە پزیشکیەکە ئەدات ):**

بەڕێزان ئەمە تازەترین دۆزینەوەی مرۆڤایەتیە، دەتوانین ناوی بنێین کاسی پیرۆزی ئاوی نەمری لە زانستی پزیشکی هاوچەرخدا چونکە بەهۆی ئەم گیراوەیە مێشکی هەموو نەخۆشەکان، بە تایبەت کۆچەرو بێلانەکانی جەنگە زۆرەکان، لە ئاسەواری بیرەوەریە وەرس و بە ئازارەکان بەتەواوی ئەسڕێتەوە، بەڵێ بەتەواوی و بۆ کۆتا ئەیسڕێتەوە! ئەبێت چی مەزنیەک لە جیهاندا بگاتە ئاستی ئەم دۆزینەوە پزیشکیە گەورەیە؟! ( یاریدەرەکانی پزیشکەکە بە چاوی سەرسوڕمان و ئاسوودەییەوە تەماشای پاکەتە دەرمانەکە دەکەن )

یاریدەدەری بزیشکی : کەواتە بەڕێز سەرۆکی پزیشکان ئێستا ئەتوانین بە خۆشحاڵیەوە بۆ هەموو جیهان ڕابگەیەنین کە گرفتەکانی خەمۆکی و پەستی و ترۆما زۆرەکان کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤیان لاواز وتێکشکاو بێ چارە کردبوو تەواو چارە بووو!

سەرۆکی پزیشکەکان: هەر ئەوەنە نا بەڕێزی یاریدەدەر ، ئیتر گرفتی هەزاران و ملیۆنەها پەنابەر و کۆچەریش چارە سەر ئەکرێ لە ڕێی ئەم دەرمانە سیحریە چونکە مێشکیان وەک پەڕەی سپی بۆ هەتا هەتا پاکئەکرێتەوە لە بیرەوەری و تەنانەت هۆشمەندیشیان بێگەرد وەک هۆشمەندی منداڵێکی لێدێ ! لە هەمووی گرنگتر بەڕێزان گرنگیە ئابوریەکەی ئەم دەرمانە ئەفسوناویەیە، چونکە ئیتر بودجەی وڵات ڕزگار دەکات لە چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشە گەورەکانی پەیوەست بە برسێتی و هەژاری و جەنگ چونکە بە پاکردنەوەی مێشک و هۆشمەندی مرۆڤە نەخۆشەکان چیتر بودجەی وڵات بەکارنایەت لە چارەسەرکردنی هۆکاری دەرەکی!!.

یاریدەدەری پزیشکی : من ئەڵێم ئەمە شۆڕشێکی بزیشکیە سەرۆکی پزیشکەکان ،هەروەها دەستکەوتێکی ئابووری گەورەشە، چی بیرۆکەیەکی بلیمەتە بە یەکانگیرکردنی قازانجی ئابووری و چارەسەری پزیشکی لەم سەردەمە ئاڵۆزەی وڵات پێیدا تێپەڕ ئەبێ!. دەستکەوتێکی هەرە مەزنە و بەڕاستی دەستخۆشیتان لێئەکەم

**(هەموان چەپڵە لێدەدەن و هاوار دەکەن : پیرۆزە پزیشکی بەتوانا، ئافەرین، ئافەرین!)**

سەرۆکی پزیشکەکان: پێش ئەوەی ئاهەنگی گەورە ساز بکەین، دڵنیاییتان ئەدەمێ بەڕێزان کە هەموان لە لایەن بەرزترین دەسەڵاتی وڵاتەوە پاداشت کراوین، زۆر گرنگە ئێستا کە بۆ باشتر سەلماندنی ئەم کەیسە تایبەتە **( تەماشای ژنە ڕەشپۆشەکە دەکات**

) ئەم کۆچەرە نەخۆشە وەک ئەزموون و تێستی تاقیگە بەکاربهێنرێت تا بکرێتە نمونەو مۆدێلێک بۆ چارەسەری کلینیکی هەموو کەیسە هاوشێوەکانی تر.

**( یاریدەدەرەکان جارێکی تر دەکەونەوە چەپڵە لێدان وپزیشکەکە دەخەنە سەر شانیان و  هاوار دەکەن ئافەرین ئافەرین!، چی بیرۆکەیەکی بلیمەتە !)**

(هەموان ئەچنە دەرەوەی شانۆو ژنە ڕەشپۆشەکە لە نێو سندوقی شتە فڕێدراوەکانا سەری بوکە شوشوکە دەرئەهێنێ و بەسنگیەوە ئەنوسێنێ و بە هێواشی بە ناو شانۆدا ئەخولێتەوە و پاشان بەلای چەپدا دیار نامێنێ و دواهەمین ڕستە ئەدرکێنێ:

بەڵام من کۆرپەکەم بینی لە نێو شەپۆلەکانا بە دەستە بچوکەکانی بانگی ئەکردم و خەندەش لەسەر لێوی بوو.

## ( وێنەی دوەم و کۆتایی )

## دیمەنێکی سریالی

کارەکتەرەکانی ( کۆلۆنێل و یاریدەدەر و وێنەکێش و ئەندازیار کە هەریەکەیان پێکهاتەیەکی شوشەیی چوارگۆشەیی وەک سندوقێکی شوشەیی بە ڕەنگی جیاواز کراوەتە سەریان وڕەخسارو دەموچاویان دیارنییە لە نێو ئەو شوشە چوارگۆشەییە ڕەنگاو ڕەنگە، دێنە ناو شانۆ کە لە هەموو لایەک ڕوناکی جیاواز و تیشکی جۆراو جۆر ئەملاو ئەولای شانۆ ڕوناک ئەکاتەوە . دەنگی شەپۆلی زەریاکان ئەبیستریٚ ولەسەر چوار تابلۆی گەورە کە بە هەرچوار لای شانۆ دانراون وێنای کەشتی کە لە دورەوە دێت پیشان ئەدرێت. لەگەڵ دەنگی نزیکبونەوەی کەشتیەکان دەنگی شەپۆلی ئاوو دەنگی ژن و منداڵ لە دورەوە بەهێزتر ئەبێت و کارەکتەرەکانیش بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بە دوای تیشکەکاندا هەروەک کەسی تینووی وون لە بیاباندا بەدوای ئاودا بگەڕێن، ئاوەهاش هەریەکەیان بە چوار دەوری شانۆ بەرەو ئاراستەی ڕوناکی ئاراستەکراو دەخولێنەوە . لەسەرچوار شاشەی بەرزکراو لە لای چەپ و ڕاست جگە لە وێنای کەشتی هاتوو ، وێنەی ڕیکلامی شت و مەکی مۆدێرن و سەرنجڕاکێش و بەچێژی ڕۆژئاواییش پیشان ئەدریٚ)

ئەو ڕاکردن و کۆششەی چوار فیگۆرەکە بە نێو شانۆدا بە دوای ڕوناکی کەشتیە نادیارە فریادڕەسە خەیاڵیەکان بەردەوام دەبێت و لە پڕێکا ڕوناکی و دەنگی نزیکبونەوەی کەشتیەکان نامێنیٚ وتابلۆ هەڵواسراوەکانیش تاریک ئەبن و فیگۆرەکان لەسەر شانۆ دەکەون وەک کەسانی تێکشکاوو بیهیواو بەجێهێڵدراو لەسەر شانۆ بە سکەخشکێ تۆزێک ئەڕۆن و پەل بەرزئەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕزگاربن و دەستە لاوازەکانیان ئاراستەی خەیاڵی کەشتی وون یان لەدەستچوو ئەکەن کە لەسەر تابلۆ سپیە گەورەکانی چواردەوری شانۆ دیارنامێنن و پاش ماوەیەک جوڵەیان لەسەر زەمینی شانۆ نامێنیٚ و وەک لاشەی بێگیانی فڕێدراوی سەر کەنار دەرئەکەون .

لە پشت شانۆوە چوار پاسەوان دێنە نێو شانۆو کڵاوە چوارگۆشەییە ڕەنگاو ڕەنگەکان لەسەری فیگۆرە کەوتوەکان لێئەکەنەوە و لە شانۆ وون دەبن

**کۆتایی**